

# مام ئەحمەدی ئیلاهی

ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆمێتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

( ١٣٢٥ـ١٣٢١ )

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

پێشکەش بە فاتمە خانمی ئیلاهی و دکتۆر کامران کولیجی

## پێرست

.پێشەکی........................................................................٥
.مام ئەحمەدی ئیلاهی..........................................................٧
.ئاشتی.........................................................................١٥
.دەسیاوی بۆ چاپ..............................................................١٨
.وەزارەتی پۆست و تلێگراف و تەلەفۆن...........................................٢٠
.یەکیەتی ئێمەی بە ئارەزوو گەیاند.............................................٢٥
.ماڵیات........................................................................٢٨
.حیزبی دێموکڕات کوردستان.....................................................٣١
.ناوی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی...............................................٣٣
.بەراوردکردنی دەوڵەتی شوورەوی...............................................٣٥
.زەعیم مەلا مستەفا بارزانی....................................................٣٧
.لە ڕادیۆی ئەنقەرە.............................................................٣٩
.بە هۆی جێژنی هەوەڵی مانگی مە.................................................٤٢
.ڕنیوهێنانی تووتن..............................................................٤٥
.نۆێنەری کوردستان بۆ سەقز....................................................٤٨
.جەنگ و سیاسەت...............................................................٥٠
.سەعادەتی بەشەر بە چییە......................................................٥٤
.بارزگانیش بە مەشوەرەت باشە...................................................٥٦
.بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.........................................٥٨

.له جێژنی سەربەخۆییدا..................................................٦٣
.له سندووسەوه.........................................................٦٥
.له مەهابادەوه........................................................٦٨
.نامەی مام ئەحمەدی ئیلاهی بۆ محەممەد ڕەشید خان قادرزاده..........٦٩
.دەفتەری ستاد هێزی سەرا..........................................٧١
.جەنابی ئاغای قەوام..................................................٧٢
.هەڵکەوتی دیداری حاجی بابە شێخ.................................٧٤
.لیستی زیندانەکان.....................................................٧٦
.وێنەکان...............................................................٧٧
.دەستخەتی مام ئەحمەد ئیلاهی.......................................٨٠
.سەندی دێ گڵێنان و کۆنە گڵێنان.....................................٨٢
.کورتەیەک له بیرەوەرییەکانی مام ئەحمەدی ئیلاهی........................٨٤
.سەرچاوەکان...........................................................٩٦

## پێشەکی

ئەگەر چاوێک لە کتێبەکانی کە تا ئێستا سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵەی"ژ.ک" و کۆماری کوردستان و... نووسراون بکەین، حەتمەن تووشی نێوی تێکۆشەر و خەباتکاری کورد " مام ئەحمەد ئیلاهی " دەبین.

"مام ئەحمەد" وەک ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک، "مام ئەحمەد" وەک ئەندامی کۆمێتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕات کردستان،"مام ئەحمەد" وەک یەکێک لە بەرپیەرانی کۆماری کوردستان، "مام ئەحمەد" هەر وەها وەک نوێنەری کۆماری کوردستان بۆ وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران و... هتد.

مام ئەحمەد لە گۆڤاری نیشتمان یەک وتاری بە نێوی "ئاشتی" و یازدە وتاری لە ڕۆژنامەی کوردستان سەردەمی کۆماری کوردستان نووسیوە. یەکەم نووسینم کە خوێندەوە زانیم کە "مام ئەحمەد" مرۆڤێکی یکجار باسەواد بووە لە کاتی خۆیدا. زۆر بۆ من جێ سەرنج بوو کە بزانم مام ئەحمەد چی نووسیوە، بیرو بۆچوونی چۆن بووە و... نووسینەکانی زۆر نووکتە و ڕووداوی مێژووی باس دەکا کە جێ سەرنج و پرسیارە؟

باس لە خودمختاری چوار ساڵە، هەڵکردنی ئاڵا و پێکهێنانی کۆمار و سەربەخۆیی کوردستان، و دامەزراندنی کۆمیسیوونی ئابووری و ماڵیاتی کۆمار، و دامەزراندنی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان و... دەکا.

کۆکردنەوەی ئەو بابەتانە و نووسینی دووبارەیان دەتوانم بڵێم یارمەتێکی زۆر دەکا بە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە مێژووی کۆماری کوردستان کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر بابەت هەیە بە جوانی و تەواوی بۆمان ڕوون نەبۆتەوە.

فاتمه خانم ئیلاهی هەمیشه به ڕێز و سەربەرزی باسی بابی دەکا و باس لەوە دەکا کە بابی وەک تێکۆشەر و خەباتکاریکی کورد زۆر له پێشەوا نیزیک بووه و تا مردن بە ڕێگا و ڕێبازی پێشەوا وەفادار بووه.

هیوادارم له داهاتوودایەکی نیزیک دا، بەڵگە و نووسراوەکانی "مام ئەحمەد"ی کە ماون چاپ و بڵاوبێتەوە و ئێمە زیاتر ئەو کەسایەتی گەورەی نەتەوەکەمان بناسین.

لێرەدا سپاسی بێ سنووری خۆم ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەم کە یارمەتی منیان دا. سپاس بۆ: فاتمه خانمی ئیلاهی، دکتۆر دیاکۆی ئیلاهی، مەنسووری ئیبنی عەباسی، سیمین ئیفتیخاری، کەماڵی مووسڵچی، گوڵاڵەی پێشنماز و دکتۆر کامران کولیجی.

فارووق فەرهاد

٢٠١٤/٢/٢٥ سوئید

## مام ئەحمەدی ئیلاهی

ئەحمەدی ئیلاهی کوڕی حاجی عەبدوڵڵا، ناوی دایکی زەینب لە ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. وەک باس دەکەن، لە لای مامۆستا ئایینەکان لە مزگەوت و حوجەرە فێری نووسین و خوێندن بووە. مام ئەحمەد شارەزای زۆر باشی هەبوو بەسەر زمانی کوردی، فارسی، عەرەبی و تا ڕادەیەکیش بە زمانی ئینگلیسی (بەڵگە هەیە بە دەستخەتی خۆی مامە ئەحمەد کە لە زیندان دا ڕۆژنامەی ئینگلیسی بۆ دێنن و خەبەر و بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بۆ هەواڵەکانی دەیخوێنێتەوە و...)

مام ئەحمەد زۆر گەنج دەبێ بۆ ئەوەیکە نەچێتە سەربازی هەڵوەدای باشووری کوردستان و شاری بەغدا دەبێ. لە بەغدا لەگەڵ "خەیاڵ" خانم ئاشنا دەبێ و پێوەندی هاوژینی پێک دێنن. خەیاڵ خانم دووگیان دەبێ و دوای لە دایک بوونی فاتمە و حوسێن کە دووانە دەبن(دوو قوولوو) بەداخەوە خەیاڵ خانم کۆچی دوایی دەکا.

واوێدەچی مام ئەحمەد ئەو ماوەیە کە لە بەغدا بووە فێری زمانی عەرەبی بووبێت. لەو نووسراوانەی کە بەجێ ماوەن و ئێستا لە دەست دان، مام ئەحمەد یەکجار شارەزایی لە ئەحکامی دین و شرع ئیسلامی هەبووە.

مام ئەحمەد یەکێک لەو کەسانەیە کە بەهۆی چوونی بۆ باشوور کوردستان و کاروباری بازرگانی زۆر زوو لەگەڵ حیزبی هیوا ئاشنا دەبێ و دوایی لە پێکهێنانی کۆمەڵەی " ژ . ک"دا زۆر چالاک بووە. هەر وەک لە بەڵکەکان دیارە هەم یارمەتی مادی کۆمەڵەی ژ . ک کردووە و هەم لە نووسین وتاردا بۆ گۆڤاری نیشتمان ڕۆڵی هەبووە.

مام ئەحمەد یەکێک لەو کەسانێک بووە کە لە دامەزرانانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ . ١٩٤٦ ڕۆڵی بەر چاوی هەبووە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و وەک وەزیری ئابووری لە کۆماری کوردستاندا.

وەکی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی مام ئەحمەد کە خۆی لە زیندان دا نووسیوەتی لە یەکەم حوکمی دادگاەدا بە ئێعدام مەحکووم دەبێت، ئەوەش هۆی ئەوە بووە کە یارمەتێکی زۆری چەک و چۆلی بە مەلا مستەفا بارزانی کردووە.

بەڵام بە حەوڵی زۆری عەوڵای بایز ئاغا لە ئێعدام ڕزگاری دەبێ و بە حەپسی هەتا هەتایی مەحکووم دەبێت. دوای چەند ساڵ حوکمەکەی بە ١٢ ساڵ و دوای ٧ ساڵ زیندانی لە ساڵی ١٣٣٢ وەبەر عەفووی شای دەکەوێ و لە زیندان ئازاد دەبێ.

مام ئەحمەد لە ساڵی ١٣٥٠ تووشی نەخۆشی ژێرپەنجە دەبێ و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکەنی تاران لە تاریخی ١٣٥٠/٨/١٤ کۆچی دوایی دەکا و تەرمەکەی دەگەڕێنەوە بۆ مەهاباد و لە گۆرستانی ئەو شارەدا بە خاک دەسپردرێت.

کاک وەهاب فەهمی برازای مام ئەحمەد ئیلاهی لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەناوی" آنسوی خاکستر و مە" بەم جۆرە باسی مام ئەحمەد دەکا:

مامم " مام ئەحمەد ئیلاهی " دۆستی خۆشەویست و نیزیکی بابم، یەکێک لە گەورە پیاوانی شاری مەهاباد بوو، کە خۆشەویستێکی تایبەتی لەنێو خەڵکدا هەبوو. نێوی لە مێژووی کوردستان وەکوو یەکێک لە دامەزرێنەرانی"کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان " لە زەمانی دوای ڕەزاشا باس کراوە کە ئەو ڕێکخراوە لە حەقیقەتدا نووتفەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هەر وەها لە پێکهێنانی حکوومەتی خودمختاری کوردستانی ئێران ١٣٢٥.١٣٢٤ بەنێوی کۆماری کوردستان وەک وەزیری ئابووری و دارایی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو.

دوای ڕووخانی حکوومەتی خودمختاری کوردستان یانی کۆماری کوردستان لەگەڵ قازی محەممەد و سەدری قازی و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی و چەند کەسی تر لە دادگای نیزامی بە ئێعدام مەحکووم کرا و حووکم لە بابەت سێ کەسایەتیەکان، یانی قازییەکان ئیجرا کرا، بەڵام حوکمی مام ئەحمەد پلەیەک کەم کرا و بوو بە حەپسی هەتا هەتایی. دوای گوزەرانی باشترین بەشی ژیانی یانی جەوانی، عەفووێکی دیکەی وەبەر کەوت و دوای حەوت ساڵ لە زیندان ئازاد کرا.

بۆ ڕزگاری و نەجاتی گیانی وی، باوکم و دۆستی خۆشەویستی "عەوڵای بایز ئاغا "، "عەبدوڵڵای بایەزیدی" سەرۆکی ئیلی مەنگوڕ کە لە لای محەممەد ڕەزاشا زۆر قەدر و ئیحترامی هەبوو و پلەی سەرهەنگی ئیفتیخاری لە ئەرتەشی پێدرابوو و لەگەڵی زۆر نیزیک و یەک دڵ بوو ڕۆڵیان هەبوو.

لە کاتی زیندانی بە ناچاری سەرپەرستی منداڵەکانی "مام ئەحمەد" کە زۆر ورد بوون لەنێو بنەماڵەکەیدا بەش کرا و وای لێهات کە کوڕ و کچە ئامۆزاکانم وەکوو برا و خوشکی من وابوون. حوسێن و سەلاح و نووری سەعید و زەینب هەتا دوای تەواوبوونی ساڵەکانی دوور لە باوکیان ماڵێ ئێمەیان وەک ماڵێ خۆیان دەزانی.

لەبیرمە "مام ئەحمەد" زۆر چاک ڕەحمانی تەدەیون کە هاوکاری سیستمی حکوومەتی ئەو کاتی دەکرد دەناسی و ڕەحمانیش ئەوی زۆر باش دەناسی، بەڵام پەیوندەی ئەو دوانە وەک باب و کوڕ بوو. جارێک کەسێک لای مام ئەحمەد شکایتی لە ڕەحمانی کرد واتە شتی لێ کریوە و ڕەحمان لێ وەرناگرێتەوە. مام ئەحمەد ئیشارەی بە من کرد کە ڕەحمانی بانگ بکەم.

دووکانەکەی وی لەسەری گووزەرێ لە لای ڕاستی دوای دەواخانەی ئەبریشەمی و براکانی ڕەشیدی، یانی سێهەم دووکان ڕووبەڕووی دووکانی ئەلیاسی بوو. ئەو دووکانی خەرازی هەبوو، کڵاوی زەنگووڵەدار، زەنگیانە، کڵاوی میللی و شتوومەک دەرزی و دەزوو ژنانی کوردی... دەفرۆشت. لە

پێش دووکانەکەی بەشێک لە شتوومەکی بۆ فرۆش دانابوو و دەستماڵ و نەختێک شتی تری هەڵواسیبوو.

ڕەحمان گەنجێکی دەم بە پێکەنین، نێوچاوانی بڵیند، چاوی گەورە و ڕەش و دەمووچاوێکی کێشراو و ساف و یەک دەست، و سمێڵکی پڕی ڕەش کە گۆشەکانی لەژێر لێوی بادابوو. کوردەکان بەو جۆرە سمێڵە دەڵێن (سمێڵ فلچە). موویەکانی خوار و خەیچ، لەژێر کڵاوی میللی (جۆرە کڵاوی دەستی کە ژنانی کورد دروستی دەکەن) ڕەش، بێ چین و پڕ و چەورکراو کە بۆ لای سەرەوە شانەی دەکرد دەبرد.

دووگمەی کراسە سپێکەی تا نیزیکی سینگی کرابوەوە و مووی ڕیشی سینگی هاتبوودەرەوە و هەر دووک قۆلی کراسەکەی تا نیزیکی باسکیی هەڵدابۆوە و پانتۆلی ڕەشی بێ کەوا و پشتێندی لەبەر دابوو. هەرکە پێمکوت کە مام ئەحمەد کاری بە تۆیە پێکەنینی نەما و زوو دووگمەی کراسەکەی تا ئاخر داخست و قۆلی کراسەکەی داداوە و کۆتەکەی لەبەڕ کرد و تەق تەقیلەکەی(دەمپایی کوردی) داکەند و کڵاوی میللی لەسەر هەڵگرت و لە گیرفانی پانتۆلەکەی نا و کەوشە ڕەشەکەی لەپێ کرد و دووکانەکەی بە ئاغای ڕەشیدی کە جێران دووکانی بوو ئەسپارد.

چوو خزمەتی " مام ئەحمەد "ی بە نیشانەی ئیحترام دەستەکانی دادابوەوە و سڵاوی کردوو بە ئیحترامەوە گوتی: مام ئەحمەد چ فەرمایشتیەکت هەیە؟

مام ئەحمەد بە سەر ئیشارێکی بە کابرای شاکی کرد و گوتی: شتەکانی لێوەرگەرەوە و من خۆم زەرەر و زیانەکەی وەئەستۆ دەگرم.

ڕەحمان گوتی: بەڵێ بە چاوان بە چاوان، زەرەرم نەکردووە.

مام ئەحمەد پێیداگرت کە پوڵەکەی بداتەوە. قەبووڵی کرد و پشتاو پشت لە دەرگای دووکانەکە چۆ دەرەوە و بێ کێشە شتەکانی لە کابرای شاکی وەرگرتەوە و پوڵەکەی داوە.

یا لە گەڵ عەوڵڵای بایز ئاغا کە کەسایەتێکی زۆر خۆشەویستی محەممەد ڕەزاشا بوو کە بۆ دیتنی شا دەڕۆیشت و لە ئەرتەش پلەی سەرهەنگی ئیفتیخاری هەبوو، زۆر دۆست بوو و عەوڵڵای بایز ئاغا هەتا هاتباوە مەهابادێ دەچوو بۆ دیتنی و پێکەوە قسەیان دەکرد.

هەم عەوڵڵای بایز ئاغا ڕۆڵی مام ئەحمەدی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کۆمار و هەم مام ئەحمەد لە جی و پێ وی لە سیستەمی پاشایەتی ئاگادار بوو. دەبوو وابا کە ئەوانە ڕەقیان لە یەکتر با، بەڵام وانەبوو. ئەوە یەکێک لە ئەخلاقی خەڵکی مەهابادە.

پێم وایە کەس و کاری مام ئەحمەد یادداشتەکانی ڕۆژانەی کە پێوەندی بە کۆمارەوە هەیە لەلایانە، بەڵام چونکە نایان هەوێ کەس تووشی دڵ ئێشی بێ و ئەو بنەمالانەی کە خیانەتیان کردووە و هەم ئەو کات کە ئەو سەرانی دیکەی کۆمار کە لە زیندان دابوون نامەیان لەسەر داوای ئێعدام ئەوان لە دەوڵەت مەرکەزیان ئیمزا کردبوو، بڵاوی ناکەنەوە.

لە زەمانی ڕەزاشا جەماعەتێک لە خەڵکی مەهاباد کە "مام ئەحمەد و مام عەبدوڵخالەق" و هەر وەها عەزیز مشیری و... هەر کەس کە گومانی لێکرابا کە کێشەی بۆ حکوومەت دروست دەکا لە لایان مەئموورانی ئەمنیتی و سیاسی شارەبانی بۆ شێراز تەبعید ببوون.

مام ئەحمەد زۆر دژی خواردنەوەی مەشرووباتی ئەلکوولی بوو. پێم وایە دوای ئازاد بوونی لە زینداندا بیر و باوەری دینی وی توندتر ببوو و بابم هەمیشە ڕەعایتی حاڵی وی دەکرد.

"بەشێک لە بیرەوەری کاک وەهابی فەهمی بە نێوی " آنسوی خاکستر و مه" کە بۆ دۆستی خۆشەویستم کاک مەنسووری ئیبنی عەباسی نارد و منیش بە نەختیک دەستکاری وەرمگێڕاوە سەر زمانی کوردی. سپاسی دەکەم. "فارووق فەرهاد"

حاجی عەبدوڵڵای قازی لە کتێبی " وڵاتی من "دا بەم جۆرە باس لە مام ئەحمەدی ئیلاهی دەکا:

لە بواری ئابووریدا مام ئەحمەد ئیلاهی ئیقتیساددانێکی گەورە بوو و تووتنی کوردستانی بە دەوڵەتی شوورەوی دەفرۆشت و لە بری پووڵەکەی، بلووریانیان وەردەگرت بە تاجری تەورێز و تارانیان دەفرۆشتنەوە. ئەمن جارێک وەبیرم دێ کە تاجری تارانی هاتن لەو بلووریانە بایی ٢٠٠ هەزار تمەنیان کڕی.

لە کتێبی: وڵاتی من بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵا قازی، ئامادەکردنی: قاسمی قازی ساڵی ٢٠٠٥ سوئید

مامۆستا مەحموودی مەلا عززەت لە کتێبی کۆماری میللی مەهاباد دا دەنووسێ:

ئەحمەد ئیلاهی وەزیری ئابووری، بازرگانی ناو بازار و کوتاڵ فرۆشی کردووە، لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵدا خۆی گرتووە، هەرچەندە دەڵەمەندێکی وا نەبووە بە بۆرژوا بدرێتە قەڵەم بەڵام سەبارەت بە خوێندەواری و زێرەکی و شارەزایی لە کەسابەتدا و لێزانینی کاروباری بازرگانی توانیوێتی دەست مایەیەکی وا بۆ خۆی پێک بهێنی و ئەو پلە کۆمەڵایەتیە بە خۆیەوە بگرێت.

لە کتێبی: کۆماری میللی مەهاباد، نووسینی: مەحموود مەلا عززەت ساڵی ١٩٨٦ سوئید.

میرزا محەممەدی مەنگوڕی لە کتێبی" بەسەرهاتی سیاسی کورد "دا دەنووسێ: وە دیسان لە لاێکی تریشەوە بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سابڵاغەوە لە لایەن ئاغایان: مەلای داودی، عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی، حوسێنی فرووهەر، عەزیزی زەندی، وەهابی بلووریان، مەنافی کەریمی، سەدیقی حەیدەری، جەعفەری کەریمی، ئەحمەدی ئیلاهی، ئاوان حیزبی ژ. ک دروست کرا کە لە پاش کۆبوونەوە نوومایندەی کوردی عێراق و ئێران و تورک لە جێگایەک کۆبوونەوە و بەو کۆبوونەوەی سێ قوڵی و لەم کۆبوونەوەدا بڕیارندا کە ناوی حیزبی هیوا و ژ. ک بگۆڕەری بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لە کۆبوونەوەدا نوومایندەی حیزبی عێراق شێخ عبیدالله و نوومایندەی کوردستانی تورکیە قازی مەلا وەهاب و نوومایندەی کوردستانی ئێران سەید قاسمی قادری ناویان بوو.

میرزا مەنافی کەریمی لە یادداشتەکانی خۆیدا لە کتێبی " پیشوای بیداری "دا نووسیوەتی: ئەحمەد ئیلاهی وەزیر ئابووری ٤٠ ساڵە، لە سەردەمی پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.ک دا بوو بە ئەندام. ناوبراو زۆر شارەزایی لە بواری ئابووری دا هەبوو.



مەهاباد: باغی سیسە کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک ساڵی ١٣٢٣ دانیشتوو لە ڕاستەوە نەفەری دووهەم "مام ئەحمەدی ئیلاهی".

وێنە: لە کتێبی ساوجبلاغ مکری، ئامادەکردنی: فەرەیدون حەکیم زادە وەرگیراوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | ع. ساسان | میرزا عەلی ریحانی | ٦ | دەستەی هەیئەتی ناوەندی ژ.ک بوو. هەر ئەو کەسەی کاک «محەممەدی شاپەسەندی» دەڵێ «لە ئەندامانی دامەزرێنەری ژ.ک بووە.» کاک عوبەید دەڵێ: «ع. ساسان» ناوی نهێنی میرزا «عەلی ریحانی» بووە و «راژۆ» ناوی نهێنی ئەو لە کۆمەڵەی «هیوا»دا بووە، هەرچەند قسەش هەیە کە ع. ساسان ناوی نهێنی کاک «وەهابی بلووریان»ە. |
| ٧ | م. نادری | محەممەد دڵشادی رەسوولی | ٧٦ | |
| ٨ | ئا. ئا. رژدی | مامئەحمەدی ئیلاهی | ٢٤ | |
| ٩ | خ.م. شاباز | محەممەدخەلیلی مووەففەقی | | «کاپیتان»ی ئەرتەشی کوردستان بووە. |
| ١٠ | م.س. تووس | محەممەدی سەلیمی | ١٣ | لە دیاری ژمارە ٢ی کۆمەڵەی ژ.ک.دا «گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی بلبلی |

وێنە: ناساندنی ناوی نهێنی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک

ناوی نهێنی مام ئەحمەد ئیلاهی ( ئا.ئا. رژدی ) و ژمارەی ئەندامی ٢٤ لە کۆمەڵەی ژ.ک دابووە.

لە کتێبی: "سێبەری ئازادی "، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژ.ک ١٣٢٤ . ١٣٢١ نووسینی: کەماڵی عەبدوڵلاهی

ڕژدی: بە توندی هاتینی ئاو (ئاوی جێم گەلەکی ڕژدە) سەقیلی، چرووکی، چکووسی، چکوودی. بە فارسی: فشار جریان آب، بخل، خست.

(هەنبانە بۆرینە: فرهنگ کردی و فارسی، مامۆستا هەژار)

# ئاشتی

زۆر چاک دەزانن لەو رۆژەوە کە گیتی دروست کراوە وە باوک ئادەم لەسەر گەنم خواردن فرێدرایە سەر زەوی جەنگ و ئاژاوەو پشێوی لەناو ئادەمیزادە نەبراوەتەوە.

یەکەم جار "قابیل" ، "هابیل"ی کوشتووە نرخی برا کوشتنی باو کرد. بەمجۆرە تا ئەمڕۆ درێک زۆر هەڵکەوت (حادیسە)مان پێشان دەدا کە هەر یەکەی چەند ساڵێک گیتی شلەژاندووە و مەردوومی خستووتە داماویو زەبوونیەوە، لە ئەنجامی هەر جەنگێک دا بۆ رێکیو ئاشتێکی هەمیشەیی هێندێک رێ و شوێن داندراوە، بەڵام هیچ کامەیان نەیان توانیەوە تا سەر ئەم ئارەزووە پێک بهێنن تەنانەت "عصبه الامم"ی جەنگی ڕابردووش کە زۆر کەسی پێ دڵنیا بوو ئەم جەنگەی ئێستای بۆ بەربەست نەکرا.

ئەمن لەکنم وایە هەر وەکوو قەوانینی بگرێ تا ئیمڕۆ نەیانتوانیەوە ئاسایشت و خۆشی لە گیتی دا بڵاو بکەنەوە. لەمەو دواش ئەو کەڵکەیان لێ وەرناگیرێت، چونکوو دەستوورێکی مرۆڤ (بەشەر) دایبنێ عەدالەت و دادیان تەواو تێدا نابێت یان تێشی دابێ بە تەواوی ئیجرا ناکرێت حەقی یەکێک دەدرێ بە یەکێکی دیکە ئینجا گلەیی لەناوا پەیدا دەبوو.

جەنگ و شەڕ و شوور لە هەموو گیتی دا هەڵ دایسێت، دوور نەچین ئەم کوردستانەی خۆمان کە سیاسەتی ئیستیعمار خستوویەتە ژێر چەنگالی جەوروو ستەمی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، و عێراقی هیچ و پووچ چاوی وردبینی دونیای مووتەمەدن گەوایە کە ماوەیێکی زۆر درێژە هیچ کەسێک لەم حکوومەتانە نانی ڕەحمەتیان نەخواردووە و دایمەن لە گۆشەیێکی کوردستاندا ئاگری هەرا و شەڕ و شت گۆڕێ بۆ ئاسمان بەرز بووە و گەلێک زیانی ماڵی و گیانی لەم دەوڵەتە نەگریسانە داوە بۆچی! ؟ لەبەر ئەوەی کورد هەستی بە مەزلوومی خۆی کردووە و دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات.


لەم چەند دێرانەی سەرەوە چاک دەردەکەوێ کە هەر قانوونێک بەشەر دایبنێ بۆ ئاشتی و سوولحی گیتی کیفایت نیە.

جا بۆیە دەبێ پەنا ببرێتە بەر دەستوورێکی ئاسمانیو یەزدانی، من لەم بابەتەوە پێم وایە لە نێوان دەستوورەکانی ئاسمانی دا بۆ بڵاوکردنەوەی عەداڵەت و خۆشی لە گیتی دا هیچیان ناگەنە (دەستووری ئیسلام).

لە ژمارەکانی دیکەدا لەم مەوزووعە بە درێژی دەدوێم.

آ: ل، ب، ئا ئا ڕژدی ـ ٢٤

گۆڤاری نیشتمان ژمارەی ٧ ، ٨ ، ٩ ساڵی یەکەم بەهاری ١٣٢٣



لاپەڕەی ١٢ — نیشتمان — ژمارە ٧،٨،٩

آشتی

- لە گیتی دا بە هوی ری و شوینی مروکی دایدار نا یت پیویستە پەنا ببریتە بەر قانوونیکی یەزدانی و آسمانی

آ: ل، ب، ٤١.١. ڕژدی-٣٤

زور چاك دەزانی لەو روژەوە کە گیتی دروست کراوەو باوك آدەم لە بەر گەنم خواردن فریدرایە سەر زەوی چەنك و آژاوەو پشیوی لە ناو آدەمیزادە نەبراوەتەوە یەکەم جار «قابیل» «هابیل»ی کوشتو ری‌ی برا کوشتنی بلاو کرد بەم جورە تا ئیمرو دە یك زور هەلکەوت (حادثە)مان پیشان دەدا کە هەر یەکەی چەند سالیك گیتی شلەژاندوە و مەردومی خستوتە داماویو زەبوو نیوە؛ لە لەتجای هەر جە نگیك دا بو ریکیو آشتیکی هەمیشەیی هیندیك ری و شوین دا نراوە بەلام هیچ کامیکیان نەیان توانیوە تا سەر لەم آرەزووە بیك بهینن لە نانەت «عصبة الامم»ی جه نگی رابردوو هی کە زور کەسی پی دل نیا بوو کومەلەی لیستای بو بەربەست نەکرا.

من لە کنم وایە هەر وەکوو قوانینی بەری تا ئیمرو نەیان توانیوە آسایشت و خوشی لە گیتی دابلاو بکەنەوە لەمەو دواش لەو کەلکەیان لی وەر ناگیریت، چونکوو دەستووریکی مروك (بشر) دای بنی عەدالەت و دادی یان تەواو تیدا نایەت یان تیشی دابی

وێنە: گۆڤاری " نیشتمان " بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک زمارەی ٧، ٨، ٩ ساڵی یەکەم بەهاری ١٣٢٣

## دەسیاوی بۆ چاپ

یەزدانی بەرز ئاگادار و ڕاگری ئەندامەکانی کۆمەڵە بێت هەرکە زانیان دراومان لازمە لە هەموو شوێنێک ڕا بە بێ داواکردن بۆمان دەنێرین.

لەم مانگەدا دەس بە کۆکردنەوەی دراو بۆ پەرەدان بە ئینتیشاراتی کۆمەڵە کراوە. لەژێرەوە نێوی ئەو ئەندامانەی پوڵیان داوە دەنووسین.

| نێوی ئەندام | پووڵی تورکیە | پووڵی ئێران | پووڵی عێراق |
|---|---|---|---|
| ١. ع . هەژار | ٥ لیر | ١٠٠ ڕیال | ٨٠٠/ دینار |
| ٢.م. خ. بارزانی | ٧/٥ لیر | ١٥٠ ڕیال | ١/٢٠٠ دینار |
| ٣.م. ح. لاو | ٧/٥ لیر | ١٥٠ ڕیال | ١/٢٠٠ دینار |
| ٤.ح. م. ڕەوادی | ١٠ لیر | ٢٠٠ ڕیال | ١/٥٠ دینار |
| ٥.ع. زوراب | ١٠ لیر | ٢٠٠ ڕیال | ١/٥٠٠ دینار |
| ٦.هـ . ئازیز | ١٠ لیر | ٢٠٠ ڕیال | ١/٥٠٠ دینار |
| ٧.ئا. ئا. ڕژدی | ١٢/٥ لیر | ٢٥٠ ڕیال | ٢/٠٠ دینار |
| ٨.م. ئا. حەریق | ١٢/٥ لیر | ٢٥٠ ڕیال | ٢٠٠/ دینار |
| تێکرا | ٧٥/ـ لیر | ١٥٠٠/ـ ڕیال | ١١/٧٠٠ دینار |

# دەسیاوی بوچاپ

یەزدانی بەرز آگادار وراگری ئەندامەکانی کومەلە بیت هەر کە زانیان دراومان لازمە لە هەموو شوینیکرا بەبی داو اکردن بومان دەنیرین لەم مانگەدا دەس بەکو کردنەوەی دراو بو پەرەدان بە انتشاراتی کومەلە کراوە لە ژیرە وەنیوی ئەوئەندامانەی بولیان داوە دەنووسین .

| نیوی ئەندام | پوولی تورکیا | پوولی ایران | پوولی عراق |
|---|---|---|---|
| ١ـ ع. هەژار | ـ/٥ لیرە | ـ/١٠٠ ریال | ـ/٨٠٠ دینار |
| ٢ـ م.خ. بارزانی | ٧/٥ « | ـ/١٥٠ « | ١/٢٠٠ « |
| ٣ـ م. ح. لاو | ٧/٥ « | ـ/١٥٠ « | ١/٢٠٠ « |
| ٤ـ ع. م. رەوادی | ـ/١٠ « | ـ/٢٠٠ « | ١/٥٠٠ « |
| ٥ـ ع. زوراب | ـ/١٠ « | ـ/٢٠٠ « | ١/٥٠٠ |
| ٦ـ ه. آزیز | ـ/١٠ « | ـ/٢٠٠ « | ١/٥٠٠ « |
| ٧ـ ا. ا. رژدی | ١٢/٥ « | ـ/٢٥٠ « | —/٢ « |
| ٨ـ م. ا. حەریق | ١٢/٥ « | ـ/٢٥٠ « | —/٢ « |
| تیکرا | ـ/٧٥ لیرە | ـ/١٥٠٠ ریال | ١١/٧٠٠ دینار |

بنکەی ژین
www.zheen.org

یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ گۆڤاری "نیشتمان"

ژمارە: ٧ ئا . ئا . ڕژدی "مام ئەحمەد ئیلاهی"یە.

گۆڤاری نیشتمان ژمارەی ٣ و ٤ ساڵی یەکەم سەرماوز. ڕێبەندانی ١٣٢٢

ژماره کتێب.......٣٢/٨/٨ ـــ ٣٢/٨/١١

## وەزارەتی پۆست و تلێگراف و تەلەفۆن

## تلێگراف

دەفتەری سەرۆک وەزیران کۆپی، مەجلسی شورای میللی کۆپی، ئاغای سەدر قازی کۆپی، وەزارتی شەڕ کۆپی، وەزارەتی کەشوەر کۆپی، ستاد ئەرتەش کۆپی، جەنابی وەزیر مەشاور کۆپی، ڕۆژنامەی مێهر ئێران کۆپی، ئەژێر کۆپی، ئیتیلاعات کۆپی، مردووم کۆپی، ئێران ئەمڕوز کۆپی، باختەر کۆپی، ڕەعد...

هەر ئێستا کە لە لایان مەقامی سەرۆک وەزیران، باشترین و شەریفترین ڕەجالی ئەو شارە کە بریتین لە ئاغایانی: قازی محەممەد، عەزیز ئاغای ئەمیر عەشایر (ڕەئیسی ئیلی مامەش) و عەبدوڵلا خان و عەلی خان و باپیر ئاغای گەورەکانی ئیلی مەنگوڕ و بایزید ئاغا ڕەئیسی ئیلی گەورک بۆ تاران بانگهێشتن کراون خەڵکی ئەو شارە لە خزمەت و زەحمەتەکانی بێ وەچانی ئەوان کە جووبران ناکرێتەوە. یەک یەک بە خزمەتی مەئموورین دەوڵەت و ڕۆژنامەوانان دەگەینین.


دوای ڕووداوی شەهریوری ١٣٢٠ کە هێزەکانی ساخلو ئەرتەش لە شاری مەهاباد پرش و بڵاو بوون و لە تەواوی ناوچە و وڵات هەرج و مەرج و بێ نەزمی حاکم بوو و وڵات پاریزی کە تاقە سەفەتی کوردەکانی ئازادیە و شاهەدی قەزایا بەم جۆرەیە کە لە شەڕی عالەمی پایەی مەحکەم و بێ وەچانی خەڵکی ئەو ناوچە بە خوێن دانی هەزاران گەنجی نیشتمان پەروەر مەتانتی خۆیان لەدەست نەدا و لەو کێشەدا بە فیداکاری زۆری ئاغای حاجی محەممەد و ئاغای سەدری قازی نوێنەری بەڕێزی مەجلسی شوورای میللی و ئاغای قەرنی ئاغای مامش و ئاغایان ناوبردوو دەستی ئیتیحاد و یەکیەتی بە یەکتر داوە و ئاسوودیی و ئاسایش خۆیان لە ڕێگای پاراستنی حقووق

خەڵکی ناوچە و ئەمنیت ڕێگا و کەلوو پەلی دەولەتی و مەئموورانی غەیری کورد کرد لە هیچ فیداکاریەک دریغان نەکردووە.

بەڵام تەواوی خەڵکی ئەو ناوچەیە لە مەسئولین دەولەت دەیانهەوێ کە نیسبەت بە داوای ئاغایان کە وکیل ئەو شارە نەهایتی لووتفی خۆیان بکەن. تەنیا ئەو ناوچە لە ئێراندا بوو کە توانی لەو ماوەیەی چوار ساڵەدا بێ یارمەتی هێزەکانی دەولەتی نەزم و ئاسایشی خۆی ڕابگرێ.

١.عەبدوڵلا موودەرس مزگەوتی ڕستم بیگ ٢.حوسێنی مەجدی موودەرسی مزگەوتی ٣.سەدیق سیدقی موودەرسی مزگەوتی هەباس ئاغا ٤.عەبدوڵقادر ٥.محەممەد لاهیجانی موودەرسی مزگەوتی قازی ٦.عەلی ڕیحانی ٧.حەمید حەمیدی ٨ . ئەحمەدی ئیلاهی ٩. مستەفای سوڵتانیان ١٠. مستەفای داودی ١١. محەممەد ڕەسووڵی سۆفی زادە ١٢. مستەفای جەفایی ١٣. حوسێنی فەرووهەر ١٤.مەتەلیی ئالە ١٥.ئەحمەدی وەلیزادە ١٦.بیزوەڵلا شەفیعزادە ١٧. عەزیزی سیدقی ١٨. ئەحمەدی ڕەسووڵی ١٩. لەتیفی خوسرەوی ٢٠.محەممەد ڕەسووڵی کورد ٢١.محەممەد ئەمین شەرەفی ٢٢. محەممەد ئەمین مووعینی و باقی کە ٦٥ نەفەری دیکە لە خەڵکی مەهاباد ئیمزایان کردووە.

محەمەد موودەرس



وزارت پست و تلگراف و تلفن

تلگراف

شماره کتاب

سازمان اسناد ملی ایران
IRAN NATIONAL ARCHIVES

دفتر نخست وزیر کپیه مجلس شورای ملی کپیه آقای صدر قاضی کپیه وزارت جنگ
کپیه وزارت کشور کپیه ستاد ارتش کپیه جناب وزیر مشاور کپیه روزنامه مهر ایران
کپیه آژیر کپیه اطلاعات کپیه مردم کپیه ایران امروز کپیه باختر کپیه رعد
در این موقع که از مقام نخست وزیری برجسته تهنیت و تبریک میگوییم رجال این —
شهرستان را که عبارت از آقایان قاضی محمد و عزیز آقا امیر عشایر رئیس
ایل مامش و عبدالله خان و علیخان و بایز آقا روسای ایل منگور و بایزید
آقا رئیس ایل گورک به تهران احضار فرموده اند اهالی این شهرستان از
خدمات برجسته و زحمات طاقت فرسای آنها که جبران ناپذیر است یکی یکی
به استحضار اولیای امور دولت و روزنامه نگاران میرساند از وقوع حادثه —
شهریور ماه ۳۲۰ که قوای ساخلو ارتش در شهرستان مهاباد پراکنده و
نماینده بوده در تمام ایلات و ولایات کشور هرج و مرج و بی نظمی حکم فرما بوده
و میهن پرستی که یگانه صفات کردهای سلحشور میباشد و شاهد قضایا
اینست که در جنگ بین المللی پایه محکم و خلل ناپذیر اهالی این
منطقه با دادن خون هزاران جوان میهن پرست متانت خود را از دست —
نداده در این غائله نیز با فداکاری خارق العاده آقای حاجی محمد و آقای
صدری قاضی نماینده محترم مجلس شورای ملی و آقای قرنی آقا مامش و آقایان
فوق الذکر دست برداری و یگانگی را بهم دیگر داده راحتی و آسایش

وێنە لە کتێبی: محاکمە قاضی محمد و یارانش... نووسینی: دکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی، وەرگێڕ و ئامادەکردنی: محەممەد ڕەزا سەیفی قازی ساڵی ١٣٨٠

سری ۰-۲۱۰

سال..........۱۳۲

شماره کتاب ..........................

وزارت پست و تلگراف و تلفن

تلگراف

| ازمراغه | شماره قبض | عدد کلمات | تاریخ اصل | توضیحات | تاریخ وصول روز | تاریخ وصول ماه | نام گیرنده |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| به | شماره تلگراف | | | ص ۲ | | | |

را ازخود سلب و صرف حفظ حقوق اهالی وامنیت راهها وبخش ها و –
اموال دولتی و مامورین غیربومی نمود واز هیچگونه فداکاری دریغ نکرده اند
لذا عموم اهالی این شهرستان ازاولیای امور دولت استدعا مینمایند که
نسبت به تقاضای اقایان که وکیل این شهرستان میباشند هر گونه توجه و
لطف مبذول فرمایند بر تشکر و مباهات اهالی افزوده خواهد شد
تنها این شهرستان بوده در ایران توانسته در اینمدت گرفتاری چهار
ساله بدون کمک قوای دولتی نظم واسایش خود را حفظ نماید ۱ عبداله
مدرس مجدد رستم بیان ۲ حسین مجدی مدرس مسجد صدیق صدیقی
مدرس مسجد عباس اقا ۴ عبدالقادر ۵ محمد لاهیجانی مدرس مسجد قاضی
۶ – علی رحمانی ۷ حمید حمیدی ۸ احمد الهی ۹ مصطفی سلطانخان
۱۰ مصطفی داودی ۱۱ محمد رسول صوفی زاده ۱۲ مصطفی جفائی
۱۳ – حسین فروهر ۱۴ مطلب اله ۱۵ احمد ولی زاده ۱۶ فیض اله
شفیع زاده ۱۷ عزیز صدیق ۱۸ احمد رسولی ۱۹ لطیف خسروی ۲۰
محمد رسول کرد ۲۱ محمد امین شریفی ۲۲ محمد امین مهینی بقیه تعداد
شصت پنج امضای اهالی شهرستان مهاباد محمد مدرس .

سازمان اسناد ملی ایران
IRAN NATIONAL ARCHIVES

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۶-۱۵۰-۱۵-۱۱۶۰۰۷ می‌باشد.

وێنە لە کتێبی: اسرار محاكمە قاضی محمد و یارانش... نووسینی: دکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی، وەرگێڕ و ئامادەکردنی: محەممەد ڕەزا سەیفی قازی ساڵی ١٣٨٠

جەنابی سەعیدی هومایون لە لاپەڕەی ٧٣ی کتێبی بیرەوەرییەکانیدا (پیشوای بیداری) دەنووسێ:

قازی محەممەد بە قبووڵکردنی ئەندامەتیی لە کۆمەڵەی " ژ.ک "دا بەناوی "بینایی" پلە و بایەخ و چالاکییە نەتەوەییەکان بە لووتکە گەیاند و بەو جۆرە مەهاباد بوو بە ناوەندی ئازادیخوازی و پێگەی هەڵسوڕانی سیاسی کوردستان. بەم بۆنەیەوە ئازادیخوازانی کورد لە وڵاتانی تورکیا، سوریا و عێراقەوە بۆ دیتنی مەهاباد و چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژ.ک دەهاتنە ئەم شارە. لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانیشەوە لاپەڕەیەکی تایبەت بۆ مەهاباد و نەتەوەی کورد کرایەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە قازی محەممەد لە ماڵی ڕێزدار "مام ئەحمەدی ئیلاهی" ڕێورەسمی سوێندخواردن بە قورئانی پیرۆز و ئەندامەتیی لە کۆمەڵەدا بەجێ هێنا.

هەروەها ئیگڵتۆن لە کتێبی کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦ لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبەکەدا دەنووسێ:

جا ڕۆژێک لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ قازی بۆ ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی بانگهێشت کرا و لە حاڵێکدا نیزیک بیست و چوار کەس ئەندامەکانی کۆمەڵە لەوێ بوون، ئەڵبەت ١٠ نەفەریان زۆر جێگەی بڕوانە بوون و مەبەستەکەیان لە نێو هەموو دانیشتووکاندا بڵاو نەکردەوە و بڕیار درا کە دوو کەس، قاسم قادری و قادر موودەڕڕیسی لە وەتاغێکی جیا لەگەڵ قازی قسە بکەن و لێیان بەوێت کە ئەویش تێکەڵی کۆمەڵە بێت.

کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦ نووسینی: ویلیام ئیگڵتۆن. وەرگێڕاوی: سەید محەممەد سەمەدی

## یەکیەتی ئێمەی بە ئارەزووگەیاند

بە ڕەهبەری پێشەوا حەزرەتی ڕەئیس جەمهووری کوردستان جەنابی قازی محەممەد لە پاشی چوار ساڵ و نێو خودموختاری لە کوردستانی ئازاد دا بناغەی ئیستقلال دامەزراوە ئاڵای مووقەدەسیش هەڵکرا، کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت.

برایان هەر وەکوو لێیان مەعلوومە پاش چەند ساڵ زەحمەت و خوێن ڕێژی و کوێرەوەری ئەوڕۆ تەواوی کوردستانی ئازاد دەستی برایەتیان داوە بەیەک کە هیچ قەومێک ناتوانی ئەو ئیتیفاقە بڵاو بکا. لەمەوپێش ئەو حکوومەتانەی کوردیان دەژێر بیداغ دابوون دایم خەریکی ئەوە بوون برایانی کورد بە یەکتر بە کوشت بدەن و زەعیف و بێ قەووتیان بکەن.

لە تەواوی مەنتیقەی کوردستاندا ئەو تەبلیغاتە زۆر جیدی کراوە و نەیان دەهێشت و مەودایان نەدەدان بیری نەجات بۆ خۆمان بکەین. بەڵام شووکر بۆ خودای بێ هەوتا فکری ڕووناکی پێشەوای مووعەزەم و خۆشەویستمان ئەو دوژمنانەی لە ئێمە دوور خستەوە و جارێکی دی ناتوانن بە تەمای زوڵم نیزیکمان کەونەوە یەکیەتی ئێمەی بە ئارەزووگەیاند.

هەر میللەتێک لە ئارەزووی سەربەستی و ئیتیحاد لادا یەقین بزانن ئەو قەومە لەبەین دەچێ و هەر ژێر دەستی بێگانان دەبێ. بە ئیتیفاق دەتوانی دوژمنت لەبەین بەری، بە یەکیەتی دەتوانی برایانی خۆت لە تەواوی ئیحتیاجاتی ڕزگار بکەی.

بە ئیتیحاد دەتوانی قەدروو و قیمەتی خۆت بە دنیایە نیشان بدەی. وەکوو دەبینم لەو وەختەدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەواوی مەنتیقەی کوردستانی ئازاد دا دەستی برایەتی بە ڕۆحێکی پاک بۆ یەکتر درێژ دەکرێ و گەورە گەورەکان بە هەموو جۆر زمانی شیرینی کوردی و بە ئەنواعی لیباسی عەشایری لە ڕێگای زۆر دوورەوە هاتوون لە مەرکەزی کوردستان "مەهاباد" کۆبوونەوە و بە

دەنگێکی بەرز لەپێش حەزرەتی ڕەئیس جەمهوور کوردستان یەک هاوار دەکەن ئەی پێشەوای مەحبوب.

هێندێک برایانی ئێمە لەژێر دەستی زاڵماندا ماون. ئێمە دەجێژن و شادی داین بەڵام ئەوان لەژێر چەنگی بێگاناندا ئەسیرن. ئەمر بفرموون هەتا ئەوانیش وەکوو خۆمان ئازاد و شاد بکەین. ئەڵبەتە زۆر گوێتان لێ بوو ئەوزاعی پیشنەهاد نیسبەت بە گیان فدایی بۆ پێشەوای مووعەزەمی دەکووترێ. میللەتی کورد ئیستیعداد و لیاقەتی خۆی بە تەواوی دنیا نیشان دەدا. ڕاگرتنی خودمووختاری پێشوو دامەزراندنی ئیستیقلال ئەورۆ نموونەیەکی ئیستیعدادی کوردە.

کورد کە بە دنیای نیشاندا دەتوانی بۆ خۆی، خۆی ئیدارە کا بەرانبەری مەنشوور ئاتلانتێک کە هەر میللەتێک بتوانی خۆی ئیدارە کا حەقی ئازادی هەیە و بێگانە نابێ حوکمیان بەسەردا بکا. لێرە بەولاوە هەمیشە بە ئازادی دەژی.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١١ چوار شەممۆ ١٧ ڕێبەندانی ١٣٢٤.١٩٤٦



مەهاباد ڕۆژی ٢ی ڕێبەدانی ساڵی ١٣٢٤ .١٩٤٦

لە چەپەوە بۆ ڕاست: نەفەری سێهەم "مام ئەحمەدی ئیلاهی"

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە.

## ماڵیات

لەسەر فەرمانی حەزرەتی ڕەئیس جەمهوور بۆ وسووڵ کردنی ماڵیاتی دوو ساڵە.

بە فەوریەت کۆمیسیۆنی ماڵیاتی تەشکیل درا  و بە دوو دەستە داندران. یەک تێکەڵ لە چەندین ئەشخاسی ڕاستو و پاک و هەر یەکەی لە سینفێک هەڵبژێران بۆ مەرکەزی شاری مەهاباد.

ماڵەکین و ڕۆئەسای عەشایری دەورەی مەهاباد یەک یەک پێشنیهادیان بە حەزرەتی ڕەئیس جەمهوور عەرز کرد. تەمەنایان ئەوەیە هەرچی زووتر ئەمر بفەرموون ماڵیاتی ئەتراف خڕبکرێتەوە لەبەر ئەوە کۆمیسیۆنی دووەمی ماڵیاتی تەشکیل درا.

هەر یەک لە عەشایر نمایندەی خۆیان بە کۆمیسیۆن ناساند و دەست بەکار کرا. ئەڵبەتە هەموویان دەزانن لە زەمانی پێشوو خرکردنەوەی ماڵیاتی چۆن بوو. ئەویش کارێک بوو لە ڕیزەی زوڵموو تەعەدای زۆر گەورە حیساب دەکرا و لە تەواوی کوردستان یەک نەفەر بە ئارەزووی خۆی ماڵیاتی بە دەوڵەتی ئێران نەداوە. چونکە لە ڕووی عەدالەتەوە نەبوو.

مەسەلەن ماڵیاتی یەک نەفەر ئەگە دە تمەن بایە جەنابی ئاغای کەربەلایی وەرەقەی هەزار تمەنی بۆ دەنارد و یازدە ڕۆژ وەعدەی بۆ دادەنا. ئەو وەعدەیە لەبەر چی بوو، ئەلبەتە بۆ ئەوە بوو کاسبە بێچارە بچێتە لای کەربەلایی بپارێتەوە بە هەزار زەحمەت سەد تمەنی بەرتیل بداتێ.

ماڵیاتەکەی ئەگەر دە تمەن بوو، بۆی بکاتە پێنج تمەن مەعلووم بوو ئەگەر نیوەی ماڵیاتی لە دەوڵەتی خۆی زەرەر دا کاسبی بێچارەش تووشی زەرەر بوو لەبەر ئەو زوڵمە دەوڵەتی ئێران مووفەق نەدەبوو ماڵیاتی ساڵیانە لە وەختی خۆیدا وسووڵ بکا، بەڵکوو نیوەی عایداتی لەبین دەچوو.

نامەوی خەراپەی ئەو زاڵمانەو زۆر بۆ بنووسم خودا دەزانێ بە هەموو جۆرێک لە فکری مەڤع کردنەوەی ئێمە دابوون ولاغەیر برایانی موحترم ئەمن یەک نەفەر عوزوی کۆمیسیۆنی ئەترافی مەهابادم، لازم بوو کەمێک هەڵسورانی ئەو کۆمیسیۆنەو بە عەرز بگەیەنم:

١. وەزعی خڕبوونەوەی ئێمە ئاغایان هەر یەک لە ساتی دیاریدا تەشریفیان لە کۆمیسیۆن حازەر دەبێ و بەبێ تەئخیر دەست بەکار دەکرێ.

٢. بۆ تەخمینی واریداتی ساڵیانەی داهات کولییەی ئەعزا بە بێدەنگی تەوافوق نەزەر دەکەن .

٣. وەرقەی ماڵیاتی بە وەسیلەی ئەمربەری ماڵیە بۆ ئاغایان بەڕێی دەکرێ بەبێ تەئخیری ئیمزای دەکەن و بە تەحویل دانی خەریک دەبن.

٤. کارکردنی کۆمیسیۆن زۆر جدی مەسەلەن لە موودەتی یەک هەفتەدا مەحاڵ شارویران ئێلی مەنگوور ئێلی پیران تەواو بوون.

٥. نمایندە ئیزهار دەکەن ئەو ماڵیاتەی دانراوە ئەورۆ کەمە ئێمە هەر یەک حازرین بێجگە لەو ماڵیاتە کۆمەکی گیان و ماڵی بە دەوڵەتی کوردستان خۆمان بکەین چوون ئەو ماڵیاتەی ئێمە دەیدەین بە خۆمانی دەدەین. بۆ ئەولادانی خۆمان و پیشمەرگەکان بە خەرجی دێنن لەبەر ئەوە تەقازا دەکەین ماڵیاتی دەوڵەتی کوردستان بە جۆرێکی وا تەنزیم بکرێ بۆ بە قووەت کردنی هێز و دانانی پایەی مەعارف و کارەکانی حکومەتی لە مادییاتدا هیچ نەوعە ئیحتیاجی نەبێ.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥ شەممۆ ٢٧ ڕێبەدان ١٣٢٤ . ١٩٤٦



مەهاباد: بنکەی فەرماندەی کۆماری کوردستان ساڵی ١٣٢٥

دانیشتوو لە ڕاستەوە: ئەحمەدی ئیلاهی، مامۆستا هێمن، مەنافی کەریمی، دکتۆر ئیسماعیلی ئەردەلان، سەدیقی حەیدەری، سەید محەمەدی ئەیوبیان، مستەفای خۆشناو

ڕاوەستاوە لە ڕاستەوە: ڕەحیمی لەشکری، عەبدولباقی حەیدەری فاڕووقی، سەعیدی هومایون، دڵشادی ڕەسووڵی، سەید ئەحمەدی ئەفەندی، عەلی خوسرەوی، عەزتی عبدوالعزیز، ڕەحیمی جەوانمرد قازی، ڕەحمانی ئۆەیسی، خێروالله عەبدلکەریم، ؟

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە.

## حیزبی دێموکڕات کوردستان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گەڵ ئەحزابی دیکە بەراوەرد ناکرێ. ئەعزای نێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو تەواوی مەنتەقەی کوردستانی ئازاد هەڵبژێردراون و بە نێوی کۆمێتەی مەرکەزی یا هەیئەتی حیزب نێو دەبرێن.

هەیئەتی حیزب عیبارەتن لە ئەشخاسی پاک و ڕاست و بێ غەرەز و بە ئیمان و باوەڕێکی محکەم لە ڕێگای پێشکەوتن و تەرەقی کوردستاندا کار دەکەن. هەیئەتی حیزب بۆ هەموو کارێکی گەورە و چکۆلە بە بێ ئەکسەرییەتی ئارا، توانای نییە ئیقدام بەکار بکا.

لەنێو کۆمێتەی مەرکەزی دا هەر کەسە دارای یەک ڕەئییە و هیچ نەوعە پارتی بازی بەکار نایە. لەو ماوەکەمەدا حیزب دێموکڕات کوردستان بە پیرۆزێکی زۆر گەورە گەیشتووە کە بە ئێوە عەرز دەکەم:

١. یەکێتی لە تەواوی مەنتەقەی کوردستاندا بە دەرەجەیک گەییوە کە سەدها دوژمن خوێنی لەگەڵ یەک، ئێستا وەکوو برا دەست لەدەستی یەک دەنین و یەکتر ماچ دەکەن.

٢. لە تەواوی مەدارەس دا بە زمانی شیرینی کوردی تەدریس دەکرێ و منداڵەکان لەو چەند مانگەدا بە چاکی فێر بوون بە زمانی دایک و بابی خۆیان بخوێنن و بنووسن.

٣. دانانی هێزی میللی کوردستان کە دەستە دەستە لاوانی شارستانی و دهاتی و ئاغایانی عەشایر بە دڵێکی خۆش، داخڵ بە هێز دەبن و نێوی خۆیان بە پێشمەرگە دەنووسن و بە مەیل و مەرام حازری خدمەتن.

٤. مەتبەعەی گەورەی کوردستان کە وەکوو مانگی چاردە دەدرەوشێتەوە و کوردستانی ڕووناک کردووە و دڵی نەتەوەی کوردی گەش کردۆتەوە و دەتوانم بڵێم لەگەڵ مەتبەعەکانی ئوروپا بەرابەری دەکا.

٥. دانانی شارەوانی کە لە حەیسیەت ئەمنیەتەوە لە گەڵ هیچ جێگایەک حیساب ناکرێ.

٦. هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی مووقەدەسی کوردستان کە لە کۆشکە بڵیندەکانی شاراندا دەلارێتەوە و دڵی هەموو نەتەوەی کورد لە شەربەتی شادی وی سەبووریان دێ.

٧. دانان و ناساندنی پێشەوای مەحبوب کوردستان کە جێگای فەخر و پشتیوانە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد و ئەو برایانەی کە لەو ئازادیە مەحروومن دەستەو دۆعا لە خودای عەزەوجەل تەمنا دەکەن کە ئەو پێشەوا گەورە و زانایە باڵی خۆی بە سەروانیشدا بکێشێ.

ئەو چەند نموونەیە ئیسباتی دەکا کە حیزبی دێموکڕات بە ئیمان و باوەڕێکی قایم و بە گیان و بە ماڵ بۆ پێشکەوتنی میللەتی خۆیان دەکۆشن، لەسەر ئازادی و ڕاگرتنی ئاڵای مووقەدەس لە گیان و ماڵی خۆیان دەریغی ناکەن و منیش لە خودای گەورە و بێ هاوتا تەمنا دەکەم حیزب دێموکڕات کوردستان لەوە زیاتر مۆفەق بێ و ئەو برایانەی کە لە ڕێژ چەنگی ئیستعمار دا ماونەوە لە زەنجیری دیلی نەجات بن.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٨ و ١٩ شەممۆ چواری ڕەشەمە و دووشەممۆ شەشی ڕەشەمە ساڵی ١٣٢٤ .١٩٤٦

ناوی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی

ناوی ئەندامانی هەڵبژێرداوی کۆمیتەی ناوەندەی بە دروستی ڕوون نییە. کاک جەلیل گادانی لە کتێبی "٥٠ ساڵ خەبات"دا دەنووسێ ئەم کەسانە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

قازی محەمەد (سەدری حیزب)، حاجی باباشێخ سەیادەت، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ڕەحمانی زەبیحی، مەنافی کەریمی، سەید محەمەدی تەها زادە، عەبدولڕحمانی ئێلخانیزادە، ئیسماعیلی ئێلخانیزادە، خەلیلی خوسرەوی، ئەحمەدی ئیلاهی، کەریمی ئەحمەدین، حاجی مستەفای داودی، محەمەد ئەمینی موعینی، مەحموودی وەلیزادە، محەمەد ڕەسووڵی دڵشاد، محەمەد ئەمینی شەرەفی، سەید عەبدوڵڵای گەیلانیزادە، عومەر خانی شکاک، زێرۆبەگی هەرکی و ڕەشید بەگی جهانگیری.



مەهاباد ساڵی ١٣٢٤ .١٩٤٦

ڕاوەستاوە لە ڕاستەوە: ڕەحمەتی ئەسحابی، عەلی ڕیحانی، محەمەدی سەعیدزادە، ئەحمەدی ئیلاهی، سەعیدی هومایون، مەنافی کەریمی، کەریمی ئەحمەدین، دڵشادی ڕەسووڵی، ڕەحیمی لەشکری، وەهابی قازی

دانیشتوو لە ڕاستەوە: محەمەدی یاهوو، خەلیلی خوسرەوی، محەمەد ئەمینی شەڕەفی، غەنی خوسرەوی، مستەفای سوڵتانیان، سەید محەمەدی ئەیوبیان مەرکەزی، وەهابی بلوریان

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە.

له گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١

## بەراوردکردنی دەوڵەتی شوورەوی

لەساڵی ١٩١٣دا لە ڕووسیا ٨٥٩ ڕۆژنامە هەبوو کە ٧٥٪ یان بە زمانی ڕووسی دەرئەچوون و تەنیا دوو میلیۆن و حەوت سەد هەزار ژمارەیان لێ بڵاو ئەکرایەوە بەڵام لە ١٩٣٨ دا ژمارەی ڕۆژنامەی وڵاتی"سوویات" گەیشتە ٨٥٠٠ یەعنی دە ئەوەندەی پێشوو، لەمانە ٣٧ میلیۆن و نیو ژمارە بڵاو ئەکرێتەوە بە ٤٢ زمان.

لە ساڵی ١٩١٤ و ١٩١٥دا تەنیا ١٩٥٣ دەبیرستان هەبووە لە هەموو ڕووسیادا کە ٤٢٨٠٣ مامۆستا دەرسیان تیا بە ٦٣٥٥٩١ قووتابی لەوتەوە. بەڵام لە ١٥ ئەیلولی ١٩٣٩دا ١٥٨١٠ دەبیرستان هەبوو کە ٣٧٧٣٣٧ مامۆستا دەرسیان تیا بە نیزیکەی ١١ میلیون قووتابی ئەوتەوە لەپێش دەورەی سۆڤییەت دا ژمارەی ژنانی دوکتۆر نەدەگەیشتە ٢ هەزار، ئێمرۆ نیزیکەی ١٥٠ هەزار ژنی دوکتۆر هەن لە یەکیەتی سۆڤییەتدا.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٤ چوارشەممۆ ٢٢ ڕەشەمە ١٣٢٤. ١٩٤٦



دانیشتوو: شێخ عەلاالدین نەقشبەندی

ڕاوەستا لە ڕاستەوە: سەید عەبدالقادر نەقشبەندی ، ئەحمەد ئیلاهی، سەید عەزیز گیلانی زادە

بەغدا: ساڵی ١٩٤١

وێنە لە آرشاک للتصویر

## زەعیم مەلا مستەفا بارزانی

بەیانی ڕۆژی شەممۆ ١٣٢٤/١٢/١١ زەعیم مەلا مستەفا و ئەفسەرانی و یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی مەرکەزی ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی تەشریفیان چووە هێزی کوردستان و هەرکە گەیشتنە ئەوێ لە لایەن قەرەوڵی تایبەتەوە ڕەسمی تەعزیمی بۆ کرا و سەرکردانی هێز بەسەرکردەی فەرماندەی هێزی مەرکەزی محەمەدی نانەوازادە پێشوازی کرایەوە کە یەکە یەکە سەرکردەکانی پێناسرا.

نزیکەی نێو سەعاتێک لەگەڵ سەرکردەکاندا ڕای بوارد و لە دواییدا یەکە یەکە چووە لای سەرکردەکان لە جێگای خۆیاندا و پیرۆزبایی خۆی پێشکەش کردن و داوای لێکردن کە هەموو بە گیانێکی پاکی نیشتمان پەروەرانە و ببنە سەپری نیشتمان و پێش خزمەتی پێشەوای مووعەزم، گانگای هێزی بەجێهێشتوو بە بزوکی حەزرەتی پێشەوا ڕووی کردە دەبیرستان و لەوێ قووتابیەکان هەموو کۆببونەوە لە دوای زیارەتی مامۆستاکان و ڕەئیس هەیئەتی فەرهەنگ ئاغای ڕەشید ئاغای هەمزە ئاغا تەشریفی بردە لای شاگردەکان و لێرەدا ئەفسەر عەبدولڕەحمان تەبیب مووفتی چەند ئامووژگاری پیرۆزبایەکی بەناوی زەعیم مەلا مستەفا وە پێشکەش کردن.

لەدوایدا زەعیم مەلا مستەفا ڕووی کردە ئیدارەی شارەوانی و مەئمووڕانی ئەو ئیدارەش زیارەتی فەرموو. هەروەها تەشریفی بردە ئیدارەی دژبانی و لە دوای ئەوە ڕووی کردە مەدەرسەی گەلاوێژ و بە هۆی ئاغای"ئەحمەدی ئیلاهی"وە مامۆستایانی ناسین و یەکە یەکە بە پۆلەکاندا گەڕا و لە هەموو پۆلێک ئەفسەر محەمەد مەحموود بەناوی زەعیم مەلا "مستەفا "وە ئیزهاری خۆش وەختی و ئامووژگاری بۆ شاگردەکان دەکرد.

لە دواییدا تەشریفی بردە مەدرەسەی کوردستان دیسان لەگەڵ مامۆستایان خۆناسیان کرد و بەناو پۆلەکاندا گەڕا و لە هەر پۆلێک سرودێک دەخوێندرایەوە. ئەمجارە زەعیم مەلا مستەفا گەڕایەوە مەرکەزی حیزب.

شەوی یەک شەممۆ ١٣٢٤/١٢/١٢

زەعیم مەلا مستەفا تەشریفی بردە چاپخانەی کوردستان و لە لایەن موودیری چاپخانە ئاغای قادری مودەرڕیسی بە هۆی ئاغای ئەحمەدی ئیلاهیەوە خۆناسینان کرد و لە دواییدا لە لایەن محەمەد مەحموود چەند ئامۆژگاریەک بە کارگەرانی چاپخانە کرا و سپاسی موودیری چاپخانەی بەناوی زەعیم مەلا مستەفاوە کرد.

ڕۆژی یەک شەممۆ ١٣٢٤/١٢/١٢

بەیانی لەگەڵ ئەفسەران و ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی تەشریفی بردە لای ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان جەنابی سەید حاجی باباشێخ و لە دوای سەعاتێک گفتوگوی گیانی بە گیانی بە خۆشیەوە زەعیم ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە مەرکەزی حیزب.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٦ دووشەممۆ ٢٧ ڕەشەمە ١٣٢٤ و ژمارە ٢٧ دووشەممۆ ٥ خاکەلێوە ١٣٢٥ .١٩٤٦

## له ڕادیۆی ئەنقەره

ڕادیۆی ئەنقەره له مەقالەی ڕەفیق ئاقای دەگیرپیتەوە، خولاسەی وتاری ٢٩ ڕەشەمه ١٣٢٤

١. ئاغای مەقالەنووس وتوویەتی مەلا مستەفا بارزانی هاتووە لەنێو ئەکرادی ئازەربایجان جەمهووری تەشکیل داوە و ئەو شەخسیتە خوێن ڕێژە دەبێ له خوێنی خۆی بگەوزێ.

٢. شوورای ئەمنیت پێشگیری ئەو نەوعە کارانە بکا هەر چەند ئێمە بە بچووکی بزانین ئەوە کارێکی گەورەیە و ئەهەمیەتی زۆرە.

له جوابی ئەوەڵی دا ئاقای مەقاڵەنووس نازانم بێ خەبەرە لە ئەوزاع یا لە خۆی دەگۆڕێ، ئاشکرا نانووسی ئەگەر لە وەزع بێ خەبەرە بۆچی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی ئەنقەرەدا نیسبەت بە قەومی نەجیب کورد کەلیماتی ڕەکیک دەنووسی و نێوی زەعیمی ڕێگای نیشتمان بەری گیر لە قەڵم دەدا و تەشکیلی دەوڵەتی کوردستان بە نێوی ئەسڵی ئاشکار ناکا.

ئاغای سالح ڕەفقی ئاقای مەقاڵەنووس مەشهووری تورکیە بە گومان لە ئەوزاع باخەبەرە بەڵام وادیارە حەقیقەتی بۆ بەیان ناکرێ، چۆن غەرەزی هەزار ساڵەی تورک و کورد مەودای نادا ئیقداماتی میللەتی ڕەشیدی کوردستانی سەربەخۆی لەسەر پایەی دێموکراتی حەقیقی بە بێ غەرەزی بەیانی بکا.

وابزانم ڕۆژنامە و گۆڤاری زمانی شیرینی کوردی کە لە ئەغلەبی نووقاتی کوردستان و بەڵکە لە خارەجی مەنتیقەی کوردنشین دا بڵاو دەکرێتەوە. بە نەزەری نەویسەندەی نێو براو دەگا فەقەت سیاسەت ئیجازەی نادا ئەسڵی حەقیقەت ئاشکرا بکا. ئاغای نووسەر تەشکیلی دەوڵەتی کوردستان بە ڕهبەری پێشەوای مووعەزم حەزرەتی محەمەدی قازی لەپاش ساڵەهای ساڵ زەحمەتکێشان ئەو زاتە مووبارەکە و خەسووسەن لە مووددەتی پێنج

ساڵی ئەخیردا بۆ سەرکەوتنی ئازادی کوردستان بە شەو و بە ڕۆژ تەقەلای دەدا تاکوو مووفەق بۆ دانانی حکومەتی کوردستان لەسەر مەرامی دێموکراتی حەقیقی و بە ئەساسێکی مەحکم دامەزاوە و ئەلبەتە پێنج ساڵ لەوە پێش هیچ حکومەتێک لە مەنتیقەی کوردستانی ئازاد حکومرانی نکردووە و لە بینی ئەو مووەدەتەدا بە ڕەبەری پێشەوای بەرزو زانای دەوڵەتی کوردستانی وەقت لە ڕووی ئەمنیت و ئنتیازماتێکی بین المللی خودمختاری خۆی ڕاگرتووە و بێ گومان جێگای ئعتیرازی هیچ دەوڵی مووعەزم واقع نەبووە لە سوورەتێک دا دوەڵی مووعەزم نەبێ چۆن لە تەئسیسی حکومەتیدا مەوردی حەملەی نەویسندەی تورکیە واقع دەبێ.

لە جوابی دووەم ئاغای مەقاڵەنووس پێوایە خاکی کوردستان ژێرکەری دەوڵەتی تورکیەیە و تا ئەبەد لەژێر چەنگی ئیستعمار و زاڵمانەدا دەبێ بە مەینەتەوە و هەرچی دەوڵەتی تورکیە داوا بکا وەکوو ئایەتی قورئانی نازل بوو بێ. دەبێ تەسدیق بکرێ و شوورای ئەمنیت تەنها بۆ تورکیە دامەزراوە تاکوو ئاواتی وی بەجێ بێنی. بەڵام فکری لەوە نەکردووە ئەگەر قەراری پەیمانی ئاتلانتێک و کریمە شوورای ئەمنیەتیان دامەزراندوە. و شوورای ئەمنیت بۆ تەواوی میللەت و ئەقلیەت و پایەی سولحی جیهان کار دەکا.

میللەتی کورد نەنووستەوە بەڵکە دەوڵەتی کوردستان زۆرتر پیشنەهادی خۆی لە دۆەڵی مووعەزم داواکردووە و یەقین بزانی دنیای کۆن لەبین چووە. کردنی جەنگی جیهان بۆ بەرقەرای سولح جیهان کراوە نەبۆ پێکهێنانی مەرامی زاڵمانەی تورکیە. دنیای تازە ڕێگا ئازادی بە دەوڵەتی تورکیە جارێکی دی مووفەق بێ بە خوێنرێژی ئازادی خواهان لە ڕێگای نیشتمان دا ئەلبەتە ئەموانیش نابێ لەو بیرەدابن چۆن بۆیان پێک نایە وە بەڵکە ئەو فکرە کۆنە لە سیاسەتی خۆیان دوورخەنەوە باشترە.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٩ شەممۆ ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٥. ١٩٤٦



مەهاباد ١٣٢٥/٥/٨ . ١٩٤٦

لە ڕاستەوە: ١. ؟ ٢. مام ئەحمەد ئیلاهی ٣. ؟ ٤. ؟

وێنە: لە کتێبی ساوجبلاغ مکری ئامادەکردنی فەریدون حەکیم زادە وەرگیراوە.

## به هۆی جێژنی هەوەڵی مانگی مه

بە مەناسەبەتی جێژنی زەحمتکێشان سوویەتی بە تەواوی کارگەران ڕۆژ مەبارەکیان عەرز دەکەم.

مووتیئسیفانە دەوڵەتی مووعەزم شوورەوی یەعنی ئەرتشی سوور ئەو ڕۆژانە خودا حافیزیمان لێ دەکا. ئەلبەتە لەو دوور بوونەوەی دۆست خۆشەویست خۆمان میللەت کورد زۆر مووتەئەسیفە و ئومێدیان هەیە لەگەڵ ئەو میللەتی ڕەشیدی سۆڤیەت لەوە دوا زیادتر ئیرتیباتمان بەقەرار بێ و لە هەموو نەوعە یارمەتی ئیقتیسادی و غەیرە دریغیمان لەگەڵ نەکەن.

هاوخوێنەکان زۆر چاک بۆتان مەعلووم بێ دەوڵەتی ڕەشیدی کورد تازە ژێر دەستی ئیستیعمار و دەوڵەتی ئێران فاشیست قەبووڵ ناکا. هەموو دەزانن خۆسووسەن ئەوانەی زیادتر تەماشای تاریخ دەکەن لێیان مەعلوومە میللەت ڕەشید کورد ساڵهایە لە ڕێگای ئازادیدا هەوڵ دەدا بەڵام چونکە بە دەستی جەمعی و یەکیەتی نەبووە لە بەر ئەوە مووفەق نەبوون بە تەواوی مەعنا ئازادی و ئیستیقلال خۆیان بەدەست بینن و ئەگەر ئازادیشیان وەدەست کەوتبێ دەوامی کەم بووە.

ئەورۆ الحمدوولیلا هەموو کوردێک لە سایەی فکروو زانینی پێشەوای مووعەزم دا خۆیان حازر کردووە لە ڕێگای ئازادی نیشتماندا خوێنی خۆیان بەرێژن بۆ ئەوەی نەتەوەی خۆیان بە یەخسیری لەژێر چەنگی ئیستعماری و مەعموورینی بێ عۆرزەی فاشیستی دا نەهێڵن و لەنێو ئەو کوردە ڕەشیدانەدا دەتوانم عەرز بکەم.

سەدی دە موورتەجەعینان لەنێو پەیدا نابێ و ئەگەریش بێ لەسەر تەواوی برایان بەرز پێویستە ئەوانە بە تەبلیغات بەیان بن لە گوێیانەوە وەلەدەتی ئازادی لە کلەیان بچشینن. ئەلبەتە هاتوو زانیان بۆیان نیە ڕێگای ڕاست و پاکی نیشتمان پەرستی لەسەر برایان واجبەکە ئەوانە لەبین بەرن چۆن هەر کەسی حەسی میللەت و نیشتمان پەرستی نەبێ بە قانوونی شەریعەتی

ڕەسووڵ الله سەلی الله علیه و سەلەم و بە قانوونی دونیای تازە مردنی باشترە لە ژیانی. ئەی برایانی خۆشەویست خاکی کوردستان جێگای دایک و بابی خۆمانە ئێمە ژێر خەریدی ئێران و عێراق و تورکیە نەبوون و نابین.

ئێمە لە سایەی زانای و فکر بەرزی پێشەوای مووعەزم دا ئازادی خۆمان و خاکی خۆمان مەحفوز دەکەین دەوڵەتی ئێران فاشیست لای وایە ئەگەر کوردستان بە قەباڵەی سەبتی بە بەهایەکی زۆری کڕیوە چۆن سەدها ساڵە خوێنی ئێمەی مژیووە بڕدووتە لە تاران خەیابانی و قەسر و قەسووری پێ درووست کردووە و ئوتمەبیل و تەجەمووڵاتی جوانی پێ کڕیوە.

نامەوێ زۆر لەو جۆرە شتانە بۆتان بەیان بکەم چۆن تەواوی زەندەگانی ئەو بێ دنیانە لەسەر ئەو میللەتی بچینی کورد بووە هەر چەند دەکا دڵی تاقەت ناهێنی کە دەست بەردار بی. هەر وەکوو دوێنێ نەزامیان سەقز حەملەیان هێنا بۆ عەدەی دێمۆکرات کوردستان، عەدەی فاشیستان تا هەزار نەفەر بووە و ئەو عەدەی دەوڵەتی کوردستان کە لە ڕاستیان ڕا هاتوون سەدو شیسەت نەفەر بوون بەسەرکەردەی برای خۆشەویست سەروەر مستەفا خۆشناو لە تەرەف چەند ساعەت دا وای تێک شکاندون وەکوو ڕیوی لە مووقابیل شێردا یا وەکوو مەشک لە مووقابیل پەلینگ دا چەندین ئەسیر و غەنایمێکی زۆریان لێگیراوە بەبێ ئەوەی یەک نەفەر لە عەدەی دەوڵەتی کوردستان ئاسیبێکی ببینی.

ئەوە بۆ خۆی نیشان دەدا جارێکی دی ئەو قەومە ڕەشیدە ناچێتەوە ژێرباری بێگانان ئەلبەتە ئێمە بەوەندە ئیکتەفا ناکەین ئێمە دەمانەوی هەرچی زووتر تەواوی خاکی کوردستان ئێران و عێراق و تورکیە لەژێر دەستی زاڵمان ئازاد بکەین و لەوە یەقین و ئاشکرایە ئەو ئیقدامە دەکرێ و دەوڵەتی ئێرانیش دەزانی کەوا بە هاسانی کوردستان قووت نادرێ بەڵام بە خەیاڵی خۆیان پێش دەستی دەکەن فەقەت بە ئۆمێدی خودای بێ هەوتا و بە ڕەهبەری

پێشەوای moوزعەم ناهێڵێن مۆوەفەق بن و لە خاکی دایک و بابی خۆمانیان وەدوور دەخەێنەوە.

لە ئاخەری وتارەکەمدا دەڵێم: بژی پشتیوانی زەحمەتکێشان ژەنرالیسموس ستالین . بژی پێشەوای moوعەزم کوردستان . بژی کورد و کوردستان گەورە . بەرقەرا بی کۆمێتەی مەرکەزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦ شەممۆ ٢١ بانەمەڕ ١٣٢٥ . ١٩٤٦



مەهاباد ساڵ ١٣٢٥

لە ڕاستەوە: مامۆستا هێمن، مام ئەحمەدی ئیلاهی، دڵشادی ڕەسووڵی، مەنافی کەریمی، پێشەوا قازی محەممەد، سەدیقی حەیدەری، غەنی خوسرەوی، خەلیلی خوسرەوی،عەلی خوسرەوی، جەعفەری کەریمی

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی وەرگیراوە

## ڕەنیو هێنانی تووتن

ئەوەڵین تەجارەتی مملەکەتی کوردستان لە حوکمی ئەوڕۆکەدا تووتنە. چەند سەد ساڵە فەلاحەتی تووتنی لە بەشی زۆری خاکی کوردستان مەعلوومە و چاکترین تووتنی لێکەوتووتەوە کە دەتوانم عەرز بکەم لە تەواوی گیتیی دا مەشهوورە، بەڵام مووتئەسیفانە جوتیارەکان یا بازرگانان بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو تووتنی بۆن خۆش و پڕ بەها بە جۆرێکی وای لە عەمل بینن کە لە بازاری دنیادا ڕەواجی هەبێ.

بە عەقیدەی خۆم ئەوەش تەقسیری لە زاعران نیە چۆن زاعەرەکان کوردستان لە ئەوەڵ ڕا بە تەواوی مەعنا بە تەربیتێکی جوان تووتنەکەیان پێندەگەین فەقەت لەوەختی خڕکردنەوەدا هەر وەکوو چەند سەد ساڵ لەوەپێش چوونیان کۆکردۆتەوە هەر بەو تەرتیبە دەڕوون چوون هیچ کەس دەستوراتێکی بەوان نەداوە تاکوو جۆرێکی دیکەی دەعەمل بینن.

چوون تووتنی کوردستان لەژێر دەستی حکومەتی مەفتەخۆر تریاک کێش دا خەرید و فرۆش دەکرا. ئەوانیش لەبەر تەنبەڵی بەرتێل خۆ ڕێ فکری ئەوەیان نەدەکرد کە مەتاعی خۆیان بە جۆرێکی واپێ بگەینن کە لە تەواوی گیتیی دا ڕەواجی هەبێ.کاربەدەستەکان بۆ خۆیان چەبەق کێش بوون پێیان وابوو تەواوی بەشەر وەکوو وان لە خەوی غەفلەت دا نووستووە.

برایانی خۆشەویست چ مەئمووری دەوڵەتی میللی کوردستان و چ غەیرە مەئەموور فەرقیکیان نیە فەرد فەرد لە سەرمان واجبە هەرچی بۆ هاوخوێنەکانمان سەلاح بێ، بلێین و بینووسین و کاری چاک بکەین بەسەر مەشقی خۆمان و هەرچی قازانجی پێوەبێ لێی بکۆڵێنەوە تاکوو ئێمەش وەکوو دنیای تازە لە حقووقی بەشەریت مەحرووم نەبین.

لە حوکمی ئەوڕۆکەدا چۆن ئێمە ساحیبی فابریجات نین و بەدەرهێنانی ماعادن ئاشنا نین لەبەر ئەوە دەبێ زیاتر ئەهەمیەت بە فەلاحەت و بازرگانی بدەین هەر وەکوو لە سەرەوە عەرزم کردن ئەوڵین تەجارەتی ئێمە تووتنە.

تووتنی ئێمه ئەگەر بە جۆرێکی باش لە عەمەل بێ دەتوانم عەرز بکەم مەحسوولی تووتنی کوردستان بەشی زۆری مەخارجاتی دەوڵەتی تەئمین دەکا و ئەوەش کارێکی گران نیە. بەڵکە بۆ جووتیارەکان هاسانترە بۆ ئەوەی کە زەحمەتی زاعیران بە هەدەر نەچی و مەحسوولی وان بە قیمەتێکی باش بفرۆشرێ. هەرچەند بۆ خۆشیان مەهارەتێکی تامیان هەیە. پێویستم زانی ڕاجع بە مەحسوول و کۆکردنەوەی تووتنی موختەسەرێک بە عەرزی برایانی بگەیەنم:

١. شەتلی تووتن دەبێ لە ئاخری زستان بەڵکە کەمێک زووتر دایچینێ و جێگای شەتل دەبێ بەرەو تاو بێ هەر چەند ڕۆژ بەسووڕێ دەبێ تاوی لێ بدات لەبەر ئەوەی کە زووتر بگا و دوانەکەوی چوون ئەگەر شتل خەراش بێ زۆر موومکینە لە دێهاتیش توون بکرێ و زۆر چاکیش بێ.

٢.جێگای توون لای کەم دەبێ سێ جارێک لێبلدری و شێو بکرێ چۆن زەوی هەر چەند باشتر بکیلدری و تێک و لێک دری حاسڵی باشتر و بە قووەتر و بە قازانجتر دەبێ.

٣.لە پاش چەقاندنی تووتن دەبێ لە بژاری نێو دیراوان مەهمەلی نەکرێ هەر چەند دەورووبەری تووتن خاوین بێ گیاو گوڵ بێ گەلای پانتر و جوانترو بلێندتر دەکا.

٤.تووتن هەتا دەگاتی لائەقل ٧٦ جار دەبێ ئاو بدرێ.

٥. ئەهەمیەتی گەورە لە مووقیتەی چنینەوەدا دەبێ ئەو دەستوورانە کە بە عەرز دەگا کامیلەن مووراعات بکرێ و بە تەرتیب خڕبکرێتەوە تاکوو زارەعان زەحمەت بەخەسار نەبن و ڕەنجی خۆیان بە هەدەر نەدەن و مەحسوولی وان لە بازاری گیتیی دا ڕەواجی هەبێ:

ئەلف: لە کاتی پێ گەیشتنی توونی و خرکردنەوە وەدا بەڵگە بەڵگە ئەوەی گەیشتووە لێی بکەنەوە و نابێ زۆر گەیشتبێ چونکوو بێ جرم دەبێ و نابێ گەڵاکان شین و ناکامیل بن. پاش لێکردنەوە بە ئەندازەی پێویست گەڵاکان دەتەرێ دەئاو برژێن و بە ئەندازەی ئیحتیاجی توون دەگونجی لە ٢٤ تا ٤٨ سەعات لە تەرەدا بمێنێتەوە. دوای ئەوە لە تەرە هاتە دەرێ دەگەڵ مووراعاتی جوانی و ناحەزی و حەتا گەورەیی و چکۆلەیی بە هۆی سووژنێکی تایبەتی کە دەبێ لە دەماری توونەکە بدرێ بە شەریتەوە دەکرێن و لە جێگایەکی سێبەردا هەڵداوەسەری تا وەشک دەبێتەوە.

پاش وەشک بوونەوە دیسان دەگەڵ ڕەچاوگرتنی درەجە زەرد دەگەڵ زەرد سوور دەگەڵ سوور، نارەنجی دەگەڵ نارەنجی، ناحەز لەگەڵ ناحەز جوان دەگەڵ جوان زۆر بە تەرتیب دەستەبەندی دەکرێن و موومکینە بە دەستەش ڕەعەمل بێ. گەڵا، گەڵا لەسەریەک دادەنرێ و دەماری قونچکی گەڵاکان بە شەریت دەبسترێ.

ب: جێگای توونی وەشک کردنەوە تا مووکین بێت گوشاد و دەورە ئاواڵە بێ و لە هەموو لایەکەوە تاو بیگرێتەوە، نەمناک نەبێ لە وەختی هەڵاوسیندا دەبێ ئەم سەروو ئەوسەری شریتەکە بە بزمار قایم بکرێ و ئەو بەشەی کە دەستە بە دەستە دەکری دیسان هەر هەڵداوەسری.

ج: پاش کۆکردنەوەی توونی دەبێ لە تەلیسدا دابگیرێ و بۆ داگرتنیشی سەندووقی تایبەتی پێدەوێ و ئەو سەندووقە لە تەختە دروست دەکرێ پێنج لا تەختەیە چوار لای دەچێتە نێو یەک لای زەوی یانی ئەو جێگایەی کە توونەکەی لەسەر دادەمەزری تەختەی ناوی بەڵکوو تەلیسی ئەو ڕادەخرێ ئەوجار دەرەجە مەحسوولی خۆی دەستەک دەستەک یا شریت، شریتە تەرتێبێکی تایبەتی کە ئەگەر موومکن بێت پیاو لە موتەخسیس فێر بێ. لەنێو سەندوقەکە دارای دامەزرینی هەتا پڕ دەبێ ئەوجار تەختەیێک لەسەرەوە دادەنین و شتێکی قورسیش لەسەر تەختەکە دادەنین تا بە چاکی توونەکە

دەپێشی پاشان تەختەکە لادەبەن و سەندوقەکەش سەردنین و پارچە تەلیسکێش بەسەریدادەدەن و تەلیسی سەرەوە دەگەڵ ئەوە بە شریت زۆر چاک پێکەوە قایم دەکەن جا ئەوجار تووتن حەملی بازار دەکرێ.

ئەوەیە ئەسول ڕەنێو هێنانی تووتن کە دەتەوێ زەحمەت بە خەسار نەبێ. دنیای ئەورۆ دنیای سەبیلەو چەبق نیە. لەم عەسرەدا تووتن دەکارخاناندا ڕەعمل دێن و تووتنی کارخانەجاتیش حەتەمن دەبێ دەسک یا بە شەریت بێ بۆ ئەوەی برا جووتیاررکان یا خاوەن ملکەکان زەحمەتیان بە هەدەر نەچێ.

هۆمێدم هەیە ئەو دەستورەی کە بە عەرز گەیشت کامیلەن لە نەزەری بگرن بۆ خۆتان دەزانن کە حکومەتی کوردستانیش پتر چاوی لە مەحسوولی خاکی کوردستانە.

ئەگەر توونی خۆتان نەکەن بە دەسک یا بە شریتەوە نەکەن بۆ میللەت و حکومەت هەر دووکان بە زیان تەواو دەبێ.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆنامەی کوردستان ژمارە ٥٢ شەممۆ ١١ جۆزەردان ١٣٢٥ .١٩٤٦

نۆێنەری کوردستان بۆ سەقز

ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٨ ساتی ٤ پاش نیوەڕۆ جەنابی حاجی باباشێخ ڕەئیسی هەیئتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و ئاغایانی مەنافی کەریمی و ئەحمەدی ئیلاهی بۆ گۆفتوگوو دەگەڵ نۆێنەرەکانی تاران بۆ حەلی هێندی جوداپی لە نێوان هەردوو حکومەتدا چوون بۆ سەقز هومێدمان وایە نۆێنەرەکانی کوردستان بە موەفەقیەت بگەڕێنەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢ شەممۆ ١١ جۆزەردان ١٣٢٥ .١٩٤٦



له راستەوە: ئیبراهیم هەنارە، محەمەد ئەمین حاتمی، مام ئەحمەدی ئیلاهی

## جەنگ و سیاسەت

بەچاکی دیارە کە لە تەواوی کوردستانی ئازاددا بەڵکوو لە تورکیە و عێراق و سووریە و لەم سەروو ئەو سەری ئەو جێگایانەی کە کوردی تێدا نێشتەجێن یەکیەتی دامەزراوە و هیچ هێزێک و تەبلیغاتێکی بێگانان ناتوانێ ئەم یەکەتیە تێکدا.

میللەتی وەجاغ زادەی کورد لە زۆر کاراندا شایستەی تاریفە و کاری چاک و ئازایەتی ئەم میللەتە لاپەڕەی مێژووی ڕازاندۆتەوە. کورد هەرچەند لە ئەسووڵی دنیای تازە تەرتیباتی فەرهەنگی بێبەش و لە سەنایع و کارخانەجات و دەرخستنی کانگایان و ... کە لە ڕێگای فەرهەنگەوە بە دەست دێن ماونەوە بەڵام لەبەر بێ قابیلی و بێ ئیعسدادی نەبووە. بەڵکوو وەزعەیتی جووغرافیایی کوردستان وا هەڵکەوتووە نە کورد ماوەی دراوەتێ وەدوای فەرهەنگ بکەوێ و نە ئەوانەی کوردیان لەژێر دەست دابووە هۆی پێشکەوتنیان بۆ ساز کردوون زۆر چاک دیارە کە کورد لەم ڕێگایەدا کۆتایی نەکردووە.

کورد ئیسباتی کردووە کە میللەتێکی خاوەن بیرو هۆش و شووجاعەتە. کورد لە مێژوودا لە نەتەوەکانی ئازا ئەژمێردراون کورد هەمیشە لە دەوری مێژووی خۆیدا بۆ ڕاگرتنی سەربەستی و وەچەنگ هێنانی ئازادی بەربەرەکانی کردووە و خوێنی ڕژاندوە و خوێنی ڕشتووە و هیچ هێزێک نەیتوانیوە هەستی سەربەستی و ئازادی ئەم میللەتە دامرکێنێ.

کورد هەرگیز نەیتوانیوە دوو ساڵ لەسەر یەک بێ جەنگ (بۆ ئازادی) دابنیشێ و بێ وچان لەم پێناوەدا هەوڵی داوە دەگەڵ وەش وەکوو لە سەرەوە کوتمان ئەم فەرهەنگە کە بۆ دنیای ئەوڕۆ پێویستە زۆر لەپاشن نەهزەتی میللی و قایم کردنی بناغەی دێمۆکراسی بە فەرهەنگ دەکرێ و هەستی ئازادیخوازی بە فەرهەنگ هەڵدایی و نیشتمان پەرستی بە زانست و تێگەیشتنی تەواو دەتوانی پەرە بستێنێ، جا بۆیە تێگەیشتنی نەتەوەی کورد

ئەوەندە بەسە کە بێ ئەوەی فەرهەنگێکی حیسابی بووبێ هەمیشە بۆ ئازادی خاکی خۆی هەڵستاوە و کاری گەورە گەورەی ئەنجام داوە، دەگەڵ ئەو هەموو کێشە کێشەو ئەو هەموو جەنگ و جداڵە کە لە ڕێگای ئازادی دا کراوە داخەکەم چونکوو ڕێگایەکی پان و ڕاست نەبووە پێیدا بڕون جوش و خرۆشەکەیان دامرکاوە. ئەگەر بڕێک وەپێش کەوتین وردە وردە لەبەر دووبەرەکی و مادیات پەرستن لە چەنگیان داوە و زەحمەت بە خەسار بوون.

خوێندەوارانی خۆشەویست زۆر چاک دەزانن کە کورد دەمێکە نەیتوانیوە بە ئارامی دابنیشێ بەڵکوو ئێمەیان هێشتووە چێژ لە ژیانی خۆی وەرگرێ ناچار بووە دەستی داوەتە چەک و تا توانیویە خۆی و نیشتمانی خۆی پارازتووە.

قیامی سمایل ئاغای سمکۆ لە هەمووومان دیارە کە چلۆن دەست پێکرا و چ پیرۆزییێکی وەدەست هێنا ئەویش داخەکەم لەبەر دووبەرەکی نێو خۆمان وەکوو قیامەکانی ڕابردوومان چرای کوژاوە و دامرکا.

جا بۆمان وەدەرکەوت کە پیرۆزی تەنیا بە هێز و چەک وەدەست ناکەوێ و زۆر شتی دیکەی پێویستە، یەکێ لەو شتانە سیاسەتە. جەنگ بێ سیاسەت پێش ناکەوێ جەنگ ئەگەر سیاسەتی دەگەڵ نەبێ بە پیرۆزی ناگات. دەوڵەتی ئاڵمان لە جەنگی دووەمدا لە چەک دا بەسەر تەرەفەکانیدا زاڵ بوو بەڵام یەک غەلەتی سیاسی ئەوی شکاند و نەوەد میلیۆن کەسی ژێردەستی زەبوون کرد.

کورد لەم دوایانەدا لەژێر سیاسەتی زانایەکی بەرز جەنابی قازی محەمەد پێشەوای بەڕێزی ئێستای کوردستانە، نەهزەتی کرد. ئەم زاتە کە سیاستمەدارێکی بەرزە میللەتی خۆی بۆ پێشکەوتنێکی کە بۆ کوردی ڕابردوو بێ وێنەیە بانگ کرد و لەژێر ماسکی دێمۆکراسیدا ئەم میللەتەی خستە ڕێ و بەم ڕێگایەدا حیزبی دێمۆکراتی دامەزراند.

ئەم ملەکە چاوەی ژیانی میللەتی کورد دەژمێردەی و بە دنیای ڕاگەیاند کە میللەتی کورد دێمۆکراسی دەوێ و داوخوازە لەم سەر چاوەی ژیانە ئاو بخواتەوە و لە سێبەریدا بە ئاسوودەیی بژی و بۆ قایم کردن و بردنە سەری ئەم ملەکە هێزی میللی دامەزراند و دەستی هەڵنەگرت تا هێزی خۆی بە حکومەتی مەرکەزی تاران ناساند.

هێزی تاران چەند جار وەک هار پەلاماری بۆ هێزی دمۆکراتی کوردستان هێنا بەڵام خێرا مەستێکی لە دەمی دراو و کشایەوە و بێجگە لە بکوشت دانی عدەیەک نیزامی بێچارە نەتیجەیەکی وەرنەگرت. کورد لە کەناری چۆمی ئاراس و بناری ئاراراتەوە هەتا هەورامان و مەریوان هێزێکی گەورەی دامەزراندوە کە هێزی نیزامی تاران کە مەعلووم ئەلحان و بۆ خۆمان چاکیان ئەناسین بە هیچ جۆرێک ناتوانن بەربەرەکانی دەگەڵ بکەن.

ئەم جەنگەی دوایی ١٣٢٥/٣/٢٤ لە سەقز نیشانیدا کە پێشمەرگەکانی کورد لە بەرانبەری سەربازەکانی تارانیدا یەک بەهەزارن و ئیشتاش لەبەر مراعاتی سیاسی بین المللی و بۆ ئەوەی دیسان پێمان نەڵێن: کورد شەرارت دەفرۆشن پێشەوای مووعەزم و خۆشەویستی ئێمە دەستووری حەملە نەفەرموون و مایل بە خوێن ڕێژی نیە و دەیەوی بە ئاشتی کار جێ بە جێ بێ.

ئێمە هێزی خۆمان تاقی کردۆتەوە و هێزی تەرەفیشمان دەزانین و لە پایەدار کردنی ئسوولی دێمۆکراسی و ئازادکردنی برایانی خۆمان دەست هەڵناگرین و بە زوویی هێزی ئیرتجاع نابوود دەکەین و ئازادی لەم سەرو ئەو سەری ئێران بەرقەرار دەکەین.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤ و ٦٥ سێ شەممۆ ١١ پۆشپەر و پێجشەممۆ ١٤ پۆشپەر ١٣٢٥ . ١٩٤٦



مەهاباد ساڵ ١٣٢٥

دانیشتوو: پێشەوا قازی محەمەد

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە:حاجی مستەفای داودی، خەلیلی خوسرەوی، مام ئەحمەدی ئیلاهی، محەممەد ئەمینی مووعینی، وەهابی بلوریان، عەبدولڕەحمانی ئیلخانیزادە، کەریمی ئەحمەدین، عەلی ڕیحانی

ڕاستاو ڕەدیفی پشتەوە: عەبدولڕەحمانی زەبیحی، حوسێنی فرووهەر، سەید محەممەد ئەمینی ئەیووبیان، مەنافی کەریمی، محەممەدی یاهو، سەدیقی حەیدەری.

وێنە : لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز پەروانەی ئەحمەدین وەرگیراوە.

## سەعادەتی بەشەر بە چییە؟

زۆر کەس سەعادەتی خۆی لە کۆکردنەوەی سەروەت و ئیقتیسادیات دا دەبینی. با وەجود ئەو... نیە مەعنای ئیقتیساد بۆ چیە؟ نە بۆ فردێک. مووتیئسیفانە دەوڵەتمەندان وای لێکدەدەنەوە. ئەو لایان وایە ئیقتیسادی شامەڵی شەخسی یا خانەوادەیە. مەسەڵەن برایەکی بازرگان لە کڕین و فرۆشتنک [...] زۆر قازانج دەکا.

ئەستعماڵ و مەسرەفی خۆی و خانەوادەی یەک ساڵی بۆ دابین دەکرێ. لەگەڵ ئەو هەموو قازانجەیە گەر تووشی هەژارێک دەبێ پەناپادێکی دەداتێ یا خێر لە ماڵ و منداڵەکان لەتی نان دەبەخشێ. لای خۆی چاکتر پێ خێرانە بۆ چێ ڕێگای ئیقتیسادی و پوڵ کۆکردنەوەی بە مەبدەئی خۆی داناوە نەبادا منداڵەکانی لە برسان بمرن. زۆر تووجاری گەورە هەیە ئەگەر بە وردی بۆچوونێکی باش ئەو سەروەتەکەی تەفسیر بکەی بەشی دوو سەد ساڵی کۆکردۆنەوە. دیسان دایمەن خەریکی کڕین و فرۆشتووە زیاد کردنی سەرمایەیە هەر چەند دەکا لەبەر ئیقتیسادیات دڵی ئیجازە نادا کە بە جۆرێکی لازم کە سەعادەتی دونیا و قیامەتی نەسیب دەبێ مەسرەفی بکا.

ئەڵبتە هەموو کەس ئەوەی زۆر چاک دەزانێ ئەو نەوعە ماڵ و سەروەتە لە ئاخیردا چی بەسەر دێت و چۆن پەخشان دەکرێت و واریسین ئەو سەروەتە چ نێوبانگی چاک بۆ باب و خانەوادی خۆیان بڵاو دەکەنەوە.

ئەم ئیقتیسادیە بەغیر ئەز ئەوە کە بە دڵێکی بە خەم ماندوو و فکر و خەیاڵاتی بێ فایدە و یا پاسەوانی. ئایا چ ئیستیفادەێک لەو ماڵە دەکرێ. جگە لە ماندوو بوون هیچ سەعادەتێکی بۆ تەئمین ناکرێ. زۆر دەوڵەومەند هەیە زاهیرەن ئاواتی بۆ دەکێشی بەڵام ئاگادار نیە لە دڵی دەوڵەمەندی بێچارە کە بە هەزاران دەردی گەورە مووبتەلایە. زۆری ئ‌ی وتن نییە. بۆخۆی وەک [...] دەمری ئانێکی هۆش فکری لای خۆی نیە هەزاران ئاوات بە فەقیری، بێ خەیاڵ و ئاسوودە هەڵدەکێشی. دەوڵەمەند ئەگەر باش بایە خودای

تەعالی لە کەلامی مەجید دا تەعیرفی دەفەرموو یا خێر عولەما و دانیشمەندانێکی هاتوون و ڕۆیشتوون و مەوجوودن یەکێک لە وانە کە کووتەیەک دا بەحسی دەکرد. ئایا لە هیچ کتێبێک دا باسی دەوڵەمەندی کراوە بەغەیر ئەز بەحسی قاروون نەبێ کە چۆن هاتە دونیا و چۆن بە هەلاکەت چوو.

ئەڵحاسڵ  زۆر دەلیلی عالی هەیە کە ڕوون نابێتەوە مایەی سەعادەتی بەنی ئادەم ماڵی دونیا بۆ دنیایە نەبۆ مردن. خوای تەعالی لە قورئانی مەجید دا لە سوورەی ئەنفال ئایەی ٢٨ دەفەرمووی: "واغلو انما اموالکم واولادکم فتنه و ان الله عنده اجر عظیم". یانی بزانن کە بێ گومان ماڵ و ئەولادی ئەنگۆ فێتنەیە بێ گومان خودا لە لایەتی ئەجری گەورە لە جێگایەکی دێ.

لە سوورەی البقره ئایەی ٢٧٣ دەفەرمووی: (الذین ینفقون امولهم باللیل و النهار سرا وعلانیه فلهم اجرهم عند ربهم ولا خوف علیهم ولا هم یحزنون). یانی ئەوانەی خەرج دەکەن ماڵی خۆیان بە شەو و ڕۆژ بە دزی و ئاشکرا بۆ واتەیە ئەجری وان لە لای خودای خۆیان ترسیان لە سەر نیە و غەمگینش نابن زووش تەماشا بکەن لە حەقیقەتدا ئەو ئەندازە کە ئێمە ئەهەمییەت بە ماڵی دنیا دەدەین هەزارەیەکی لایەق نییە کە پشتی خۆمان بە سەروەت دەبستین لە زۆر مەواقعدا میلۆنها زێروو زیو بەرهەڵستی کارێکی دونیایە. دونیا و قیامەت بەرگرێت لێ ناکا. جا بۆ ئەوەکە ئارەزووت هەبێ سەعادەت و ژیانی خۆت لە ڕێگای ماڵی دونیا بەدەست بینی فەقەت کەسانێک دەتوانن بە عوامیر و فەرمایشاتی خودای تەعالی رەفتار بکەن کە ماڵی خۆیان لە ڕێگای میللەت و نیشتمان پەرستی بە هەتیو و هەژاران دابەشی بکەن و بۆ بە هێز کردنی حکوومەتی خۆیان مووتابقی ئایەی قورئان بەشی بیت المالی پێ بەدەن تا خۆشی گووزەرانی و سەعادەتی دونیا و قیامەتیان ئەمین بێ.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٨، ٢٧ گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٦.١٣٢٥

## بازرگانیش بە مەشوەرەت باشە

وەکوو بۆ کاری سیاسی، ئیجتیماعات پێویستە بۆ هەموو کارێک تەبادووڵی ئەفکار و تەشرێکی مەساعی کردن ڕێگای پێشکەوتن ئاسانتر و چاکتر بەدەست دێنێ.

مەقسوودی من لێرەدا مەخسووسەن لەگەڵ برایانی بازرگانانی کوردستانە وەکوو دەبێندرێ تەواوی بازرگانان ئەوەی کە لە جەوانیی دا لە باب و برا و یا خۆیانەوە فێر بوون هەتا ئاخیر هەر بەم جۆرە دەوام دەکەن. بێگومان ئەو تەجارەتە زۆر بە ناتەواوی عەمەلی دەکرێ چۆن لە ڕووی تەرتیب و ئسووڵێکی سەحیحەوە ئیقدامی پێناکرێ وەکوو دنیای مووتەمەدین کە ڕۆژ بە ڕۆژ دە تەرەقی دایە.لازەمە تەجارەتیش بەرەو سەرکەوتن بڕوا و تەرەقی پێبدرێ.

مووتەئەسیفانە لەنێو مەدا لە هەموو شت زیاتر کە ودەواکەوتووە بە نەزەر بگا ئایا چ دەبێ ئەگەر جەمعیتی بازرگانان بۆ تەرەقی خۆیان و نیشتمانیان فکرێکی ئەساسی بکەنەوە تا دریخەن بە نیسبەت مووحیتی خۆیان ڕشتە تەجارەتی تەغیر بدرێ و تەنیا بە کڕێن و فرۆشتنێک ئیکتیفا نەکرێ تا چەندین قازانجی گەورە وەدەست بخەن و برا هاوخوێنەکەم (دەستە لاکانیش؟) بەهرەوەر بن و لە حەیسی کالای پێویستی مملەکەتمان ئاسوودە بێ.

مەرامی ئێمە لە تەغیری ڕشتەی تەجارەت بۆ ئەوە نیە بازرگانان لە فرۆشتن و کڕینی خۆیان ئیهماڵ بکەن، بەڵکە ئارەزووی ئێمە ئەوەیە تەوسعە بە بازرگانی بدرێ و ڕێگایەکی ئاسان بدۆزێتەوە، نەوەکوو ئێستا بازرگانی مووحتەرم فەرد فەرد مسافەرتهای توولانی دەکەن و مقدارێک ماڵ ئەلتەجارەی ئەنوواع بە چەندین زەحمەت وارید دەکەن لە پاش تەئخیرێکی زۆر بە فرۆش دەگا و خورد دەبێتەوە.

لە ئاخردا هەر چەند قازانجی کردووە خوراوە و بە مەسرەف هاتووە شتێکی بۆ نەماوەتەوە، ئایا چ دەبێ ئەو پووڵە لە جیاتی ئەوەی بدرێ بە ئەسبابی وەتەنی بەدرێ بە کارخانەیەکی وەتەنی باش لەنێو شاری خۆت دابمەزرێنی چەندین کارگەروو و کار بخەن و چەندین قازانجی ئەساسی بۆ خۆیان تەئمین بکەن. ئایا بەغیرەز قازانج چ زەرەرێک بە نەزەر دەگا عدەیەک برایانی بازرگانان پێکەوە تەبادووڵی ئەفکار بکەن چەندین کارخانەجاتی ئەنواعی لە قەبیلی کارخانەی فاسۆنیا و سیگار و کەبریت و مووتوری ئاشی و ئەنواعی مەکینەجات تەدریجەن بکرن و وارید بکەن و لە شاری خۆیاندا دایمەزرێنن.

بێگومان ئەو تەجارەتە لە کرێن و فرۆشتنی عادی زۆر باشترە و بە قازانجتر و چەندین خەواسی هەیە:

. ئەوەڵەن: نەفعی تەجارەتی زیاترە.

سانییەن: ئاسایشی میللەت و کەم کردنی بێکاری و قایم کردنی سەرمایەی ئیقتیسادی بۆ نیشتمانی عەزیزمان و زۆر جاکەی دێشی تێدا مەوجوودە. هیوادارین لەوەودواوە تەوەجۆهی کامیل دەفەرموون ڕشتەی مەعامەلاتیش وەکوو سایری کاری دیکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو تەرەقی و پێشکەوتنە و هەر بەو جۆرە بازرگانانی ئێمەش مووفقیەت وەدەست بێنن.

ئەحمەد ئیلاهی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٨ پێنج شەممۆ ٢٨ خەرمانان ١٣٢٥ . ١٩٤٧

به نێوی خودای بەرزو بێ هەمتا

بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هاونیشیمانان، برایان

ئاگری شەڕی تەواوی دونیای داگرتبوو کە بە بۆنەی دوژمنانی سەربەستی و پامالکەرانی دێمۆکراسی هەڵایسابوو بە هێزی باسکانی بەقووەتی سەربازانی ئازای موتتەفیقینی گەورەی ئێمە کوژراوە، دونیای دێمۆکراسی غالب: و دنیای فاشیستی کە دەیەویست میلەل و نەتەوانی دونیایە بەردەست و یەخسیری چەند نەفەر بێ شەرم و فەعالی مایەشا بکا، بە یەکجاری بەزی و هەڵات بە جۆرێکی چاوەنۆڕی دەکرا بۆ ئازادیی میلەل و نەتەوانی دونیایە ڕێگا ئاواڵە بۆوە ئەورۆ تەواوی نەتەوەکانی دونیایە لە گەورە و چکۆلە دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە کە بۆ سەربەستی ئەوان ئاواڵە بۆتەوە فائید بەرن و لەو وەعدانەی کە (لە مەنشووری تاریخیی ئاتلانتیکدا درابوو) بەهرەوەر ببن. هەڵسووری ئومووری خۆیان بەدەستەوە بگرن و کاری خۆیان بە ئارەزووی خۆیان پێکبێنن.

ئێمە کوردان کە لە ئێراندا دەژین چەند ساڵ و بەڵکی چەند قەڕنە بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاری میللی کێشەمان کردووە و خۆمان کردۆتە گاوگەردوون بەدبەختانە کاربەدەستەکانی موستەبیددی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسە حیسابیەکانی ئێمە ببیەن!

حەتتا ئەو حەقەی کە لە قانوونی ئەساسیدا بۆ ئەیالات و وڵایاتی ئێرانێ دانراوە نەیانهێشتووە فاییدە وەرگرین! و هەمیشە جوابی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و گیران و دەربەدەری و لە رداردان و یەخسیری بووە!! بەتایبەتی لە دەورەی بیست ساڵەی دیکتاتۆریی ڕەزاخانی حەتتا لە پۆشینی لیباسی خۆمان ئازاد نەبووین! و بە زۆری سەرەنێزە ساحێب مەنسەبەکانی خائین و دزو تالانگەر تەواوی بووین و ژیان و ئابڕوو و ناموسی ئێمەیان ون و پێ

پەست کرد! و بۆ لەبەین بردن و هەڵگەندنی ڕیشەی ئەسلی ئێمە بە هیچ جۆرێک لە پەستی و وەحشیگەری ڕانەوەستاون!

ئاخر ئێمەش بەشەرین ئێمەش تاریخ و زمان، عادات و ئاداب و ڕێ و شوێنێکمان هەیە کە بەوانە زۆر گێرودەو پێ بەستین بۆچ دەبێ حەقی ئێمە پامال بێ؟ بۆچ ناتوانین لەنێو ماڵی خۆماندا ئازاد و سەربەخۆ بین؟

بۆچ بە ئێمە ئیجازە نادرێ بە زمانی کوردی منداڵانی خۆمان لەبەر خوێندن بنێین؟ بۆچ نایەڵن کوردستانیش وڵاتێکی خودمختار بێت کە بە ئەنجومەنی ویلایەتی هەر وەکوو قانوونی ئەساسی مەعلوومی کردووە ئیدارە بکرێ؟

هاووەتەنانی خۆشەویست دەبێ بزانن حەق "نادرێ" و "دەستێنرێ" ئێمە دەبێ بۆ ئەستاندنی حەق و ئیختیاراتی میللیی جێگای خۆمان "ملە" بکەین ئەو ملەیەش یەکیەتی و پاڵ وێکدانێ و تەشکیلات و چوونە پێشی پێویستە.

بۆ ئەو مەرامە پاکەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهابادێ داندراوە و دەستی بەکار کردووە هاونیشتمانە خۆشەویستەکانمان پێویستە ئێوەش چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە لە دەوری حیزبی میللیی خۆتان خڕببنەوە بۆ وەرگرتنی حەقی مەشرووعی میللی گیان بوردن و فیداکاری پێویستە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەهبەرو ڕێنوێنی ئێوەیە تەنیا لەژێر ئاڵای ویدایە کە میللەتی کورد لە بەڵای لەبەین چوون و نەمان ڕزگار دەبێت و بوون و ناموس و ئابڕووی میللیی دەمێنێ و ئەو موەفەق دەبێ کە لەنێو سنووری دەوڵەتی ئێران سەربەخۆئیی میللیی خۆی بەدەست بێنێ.

هاووەتەنانی ئێمە بێجگە لە حەقی مەشرووعی ئینسانیی خۆمان چیی دیکەمان ناوێ ئارەزووی ئێمە لەو بەندانەی ژێرەوەدا بخوێننەوە و بە تەواوی میللەتی کوردی ڕابگەیەنن.

ئەوەیە ئارەزووی ئێمە:

١. میللەتی کورد لە ئێرراندا لە هەڵسووڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودمختاریی بێت.

٢. بتوانێ بە زمانی کوردی بخوێنێ و لە وڵاتانی کوردیدا کاروباری نووسین لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا هەر بە کوردی بێت.

٣. ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان کە وەکوو قانوونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ دانرێ لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتیدا چاوەدێری بکاو پێ ڕابگا.

٤. مەئمووریی دەوڵەتی هەر دەبێ لە خەڵکی مەحال بێ.


٥. بە بۆنەی قانوونێکی کوللی لە مابەینی ڕەعییەت و ئەربابدا سازشت بەجێ بێت کە دوارۆژی هەر دووکیان تەئمین ببێت.

٦. بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعی دەکات لە مابەینی میللەتی ئازەربایجان و ئەو نەتەوانەی کە لە یازەربایجاندا دەژین (ئاسووری، ئەرمەنی و غەیرە) لە موبارەزەدا یەکیەتی و برایەتی تەواو بەرقەرار بێت.

٧. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ئیستیفادە لە سەچاوان و کانگایەکانی تەبیعی زۆری کوردستان و سەرکەوتنی ئومووری جووتیاری و بازرگانی و پەرەپێدانی ئومووری فەرهەنگی و لەش ساغی بۆ چاکیی حاڵی ئیقتیسادی و مەعنەویی میللەتی کورد ملەی دەکا.

٨. ئێمە دەمانەوێ ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا دەژین بتوانن بە ئازادی بۆ سەعادەت و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆیان کۆشش بکەن.

"بژی کوردستانی خودمختاری دێموکرات"



بەناوی خودای بەرز و بێ هەمتا

برایم قەزاز

# بەیاننامەی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان

هاونیشتمانان ، برایان

ئاگری شەڕی تەواوی دنیای داگرتبوو کە بە بڕانەوەی دوو ساڵی سەربەستی و یەکگرتنی دیموکراسی هەڵایسا بوو بە هێزی پاڵەوانی [illegible]

[illegible]

خۆمان [illegible] کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد پێک هات [illegible]


[illegible] کۆمەڵەی میللی خۆمان [illegible]

کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان [illegible] ئاڵای [illegible]

[illegible] ئاڵای میللی کوردی [illegible]

مارشێوەی دیبرایم قەزاز قەم بەبۆنەی ٧٤ ساڵ خەباتی حیزبی دیموکرات

[illegible]



ئەوە بە آرەزووی ئێمە:

بژی کوردستانی خودموختاری دیموکرات

وێنە: بەیاننامەی حیزبی دێمۆکرات کوردستان ساڵی ١٣٢٤. ١٩٤٦

لەڕاستەوە: یەکەم ئیمزا "محەممەد قازی"(پێشەوا) و یازدەهەمین ئیمزا "ئەحمەدی ئیلاهی"یە

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز برایمی قەززاق وەرگیراوە.

## له جێژنی سەربەخۆییدا

خزمەت بە کوردەواری قەت ون نابێ و هەرکەس لەو ڕێی دا زەحمەت بکێشی هەر تووشی چاکەی دەبێ، لە کۆبوونەوەی شەوی چوارشەممۆ ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کە گەورەترین شەوێکی خۆش و پیرۆز وڵاتی کورد بوو لە کوردستاندا بەتایبەتی هەیئەتی کۆمیتەی شاری لە ماڵە ئاغای کەریم ئەحمەدین بانگ کرابوون لە دوای شادمانی جێژنی ئازادی سەربەخۆیی کوردستان وەبیری سێ ماڵی لێقەوماوی نەتەوەی کورد کەوتینەوە کە لە ڕێی خزمەت بە کوردستان دەو ڕۆژە ڕەشەی کەوتوون، پاش گفتووگوێکی زۆر برایانی خۆشەویست و هاوخوێن ئەو سێ ماڵە شەرافەتمەندە بەداواخوازی لاوێکی خوێن گەرم و پێشمەرگە لە کوردەواری ئەو برایانەی کە لە ژێرەوە نێویان دەنووسری هەر یەکەی لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا کۆمەکێکی باشیان کرد. لە مەودواش هەر کەس لە برایانی خۆشەویست دەیەوی کۆمەک بەو سێ ماڵە بەرزە بکا بۆ پەرداختی کۆمەک بە من "سەدیق حەیدەری" مووراجەعە بکا و هەر کەس هەر پوڵێکی بدا پێیان دەێگەینم و نێویان لە ڕۆژنامەدا دەنووسرێ.

نەفەری :

٦.ئاغای ئەحمەد ئیلاهی ٢٠٠ ریال

٧.ڕابیعە خانم ئیلاهی ٥٠ ریال

٨.حوسێن ئیلاهی ٥٠ ریال

٩.نووری سەعید ئیلاهی ٥٠ ریال

١٠.سەلاح الدین ئیلاهی ٥٠ ریال

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٧ شەممۆ ٦ ڕێبەندانی ١٣٢٤. ١٩٤٦

ماوەی لاپەرە ٣ لەجێژنی ....

دە بەوی کومەك بەو سی ماە بەرزە بکا بو پەرداخی کومەك بەمن (صدیق حیدری) مراجعە بکا و هەر کەس هەر پولیکی بدا پیمان دەکەینم و نیوانی لە روژنامەدا دنوسری :

| | | |
|---|---|---|
| ١ - آغای کریم احمدین | ٦٠٠ | ریال |
| ٢ - هاجرە خانم « | ٢٠٠ | « |
| ٣ - سیدزادە خانم « | ٢٠٠ | « |
| ٤ - رعنا خانم « | ٥٠ | « |
| ٥ - دووبارە آغای احمدین | ٣٠ | پوط آرد |
| ٦ - آغای احمد الهی | ٢٠٠ | ریال |
| ٧ - رابعە خانم الهی | ٥٠ | « |
| ٨ - حسین الهی | ٥٠ | « |
| ٩ - وزیری سعید الهی | ٥٠ | « |
| ١٠ - صلاح الدین الهی | ٥٠ | « |

له سندووسەوە

ڕوونوس: جەنابی سەرۆک وەزیر

ڕوونوس: وەزارەتی ناوخۆ

ڕوونوس: ئاغای فەهیمی وەزیری ڕاوێژکار

ڕوونوس: ئاغای سەدری قازی نوێنەری شارستانی مەهاباد

ڕوونوس: ڕۆژنامەی کوهستان

چونکە لەمەڕ ئەو ڕووداوەی دوایی مەهاباد ئەو ڕاپۆرتانەی کە گەیشتوونە مەرکەز هیچکامیان ڕاست نین بە مەبەستی وەڕوو خستنی ڕاستییەکان بە خۆمان دەپەڕموین ڕابگەیێنین. لە بەرواری ٢٦ی ڕێبەندانی ( ١٣٢٣ی ١٥.ی فێورییەی ١٩٤٥ ژمارەیەک لە خەڵکی مەهاباد و ئیتر لە ژێر تەئسیری میتینگی عەزیز خاندا خۆپێشاندانیان کردووە چەند سەر بە گێچەڵێک بە پێشینەی مەئمووریەتی دەوڵەتەوە بۆ لە ناو بردنی دۆسییەی دابەشینەوەی قەند و چا لە بەر دابەشکردنی ناعادڵانە و ساختەکاری زۆر گەورە کە لە ئیداری پۆلیس دا ڕاگیرا بوو میتینگەکەیان بردووەتە خەیابانی پەهلەوی پۆلیسێک بۆ پێشگرتن لە گردبوونەوە تەقەی کردووە و کەسێکی بە ناوی عەبدوڵا کوشتووە و ئاژاوەچییەکانیش لەوە دەرفەتیان هێناوە و پەلاماری شارەبانییان داوە و تێک هەڵچوون ڕووی داوە و ئەو دۆسییانەی کە ئاژاوەچییەکان مەبەستیان بووە لە ناو براون دوایە لە لایەن ڕیش سپییەکانی مەهاباد و چەند کەس لە ئاغایانی مەنگوڕ و مامەش ئیتر خەڵکەکە بڵاوەیان پێ کراوە و ئەمنییەتیان دامەزراندۆتەوە چۆن دەکرێ تەسەوری ئەوە بکرێ خەڵکی شاری مەهاباد کە سێ ساڵە بە تەحەمولی خەرجی زۆر بۆ بەرقەرار کردنی کێشک کێشان و لە خۆ بوردوویی بە بێ هیچ جۆرە یارمەتییەک خۆیان و مەئمووڕانی دەوڵەتیان پاراستووە و گوێڕایەلی فەرمانی دەوڵەت بوون و وەفاداری خۆیان ئیسبات کردووە بکرێ لە کارێکی ئاوا ڕازی بن.

دەکرێ عەرز بکرێ بێتوو قازیی محەمەد لە مەهاباد بوو با ڕووداوێکی ئەوتۆ ڕووی نەدەدا و لە دوای گەڕانەوەی وی (لە تاران) ئارامی بە تەواوی بەرقەرار بووە نیگەرانی نەماوە بە ڕواڵەت ڕووداوەکە جێی گۆمان لە ناو دا بووە یان نا هێشتا ڕوون نەبووتەوە.

حەسەن محەممەدی، مستەفا داودی، عەلی حوسێنی، ڕەحمەت شافیعی، مودەرسی، ساڵح زادە، مووفتی، کەریم خوسرەوی، ئیبراهیمیان، ئەحمەد ئیلاهی، عەبدوڵاهی، ئەحمەد حوسێنی، حەبیب داودی، محەممەد حوسێنی، عەبدوڵا حەکیم زادە، داودی، قادری، مستەفا سوڵتانیان، عەزیز سەدیقی، غەفوور مەحموودیان، محەممەد ئەمین شەڕەفی، عەبدولڕەحیم

نامە هفتگی کوهستان ژمارە ٤ دووشەممۆ ٢٨ ڕەشەمەی ١٣٢٣ . ١٩٤٥

(وەرگێڕ لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی کاک حەسەن قازی لە کتێبی حوسێنی زێرینگەران "فرووهەر" بە ڕیوایەتی وێنە.)

## از سلدوز

جناب نخست وزیر رونوشت وزارت کشور رونوشت جناب آقای فهیمی وزیر مشاور رونوشت آقای صدر قاضی نماینده شهرستان مهاباد روزنامهٔ کوهستان چون در اطراف واقعه اخیر مهاباد گزارش های که بمرکز رسیده که هیچ کدام حقیقت ندارد محض کشف حقایق جسارت مینمایند در تاریخ ۲۶ بهمن عده از اهالی مهاباد وغیره در اثر متینگ عزیزخان نمایشاتی داده چند نفر ماجراجو ئیکه سابقه ماموریت دولت برای از بین بردن پرونده های بخش قند و چای شکر بواسطه تقسیمات غیر عادله و تقلبات بسیار مهم که در شهربانی توقیف بوده میتینگ را به خیابان پهلوی برده پاسبانی برای جلوگیر از تجمع شلیک کرده و عبدالله نام را مقتول ومفسدین از موقع استفاده کرده بشهربانی هجوم زد و خورد آن واقعه شلیک رخ داده وپرونده را که مورد نظر مفسدین بوده از بین برده بعد از طرف محترمین مهاباد وچند نفر از آقایان منکور مامش وغیره جماعت را متفرق وامنیت برقرار می نمایند چگونه بایست تصور شود اهل شهر مهاباد که سه سال است با تحمل مخارج زیاد و برقراری کشیک وازجان گذشتگی بدون هیچگونه کمک خود و مامورین دولت را حفظ به مقررات اوامر دولت مطیع و وفاداری خود را ثابت نموداند همچنین کاری راراضی باشند اینک عموم ازاین قضیه متاسف وانقیاد راعرض مینمایند میتوان عرض کرد که هرگاه قاضی محمد در مهاباد حضور داشت چنین واقعه رخ نمیداد وبعد از مراجعت او آرامش بطور کامل برقرار گردید نگرانی باقی نیست ظاهر آقضایا آن بوده که بعرض رسید دستهای مرموزی بقول روزنامه کیوان در کار بوده یا نه هنوز معلوم نشده است حسن محمدی مصطفی داودی علی حسینی رحمت شافعی مدرس صالح زاده مفتی کریم خسروی ابراهیمیان احمدالهی عبدالهی احمد حسینی حبیب داودی محمد حسینی عبداله حکم زاده داودی قادر مصطفی سلطانیان عزیز صدیقی غفور محمودیان محمد امین شریفی عبدالرحیم

له مهابادەوە

ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی دوای دەربردنی ڕەزایەتی خۆی له بڵاوبوونەوەی نامەی کوهستان له تێکۆشانی ئاغای سەدیقی حەیدەری نوێنەری ڕەسمی ئێمه قەردانی کردووە.


نامەی هەفتگی کوهستان ژمارە ١٩ دووشەممۆ ١١ پووشپەڕ (تیر) ساڵی ١٩٤٦.١٣٢٤

از مهاباد

آقای احمد الهی ضمن اظهار خوشوقتی از انتشار نامه کوهستان از جدیت آقای صدیق حیدری نماینده رسمی ما قدردانی نموده‌اند.

نامه هفتگی کوهستان شماره ١٩ دوشنبه ١١ تیرماه سال ١٩٤٦.١٣٢٤

## نامەی مام ئەحمەد ئیلاهی بۆ محەممەد ڕەشید خان قادر خان زادە



٢٥/٣/١٥ ــ ٢١٥


ئاغای جەنەڕال محەممەد ڕشید خان قادر خان زادە

لە سەر ئەمر مەبارەک پێویستە لە جوابدا تەعیین بەفەرموون چ مەقدار فیشەک لە تەرەف ئاغای مەنافی کەریمی بە ئێوە گەیشتووە ـ دەفتەر

٥٥٧/٤ ـ ٢٢٥/٢/١٧

پێ دەچێ ئەمە نامەی "ئەحمەد ئیلاهی" بێت.

لە کتێبی: دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دکۆمێنت) نووسینی: مەحموود مەلا عززەت بەرگی دووەم ساڵی ١٩٩٥



ژماره ۲۱۱/ سیاسی
۱۸/۳/۱۳۲۵
دفتری ستادی حیزبی سەرا

له جوابی نوسراوی ژماره ۵۵۹ [illegible] هاتنی ۱۷۳۷ دا
فیشەک که له کمیتەی مەرکەزی وەرمان گرت بە حەقیقەتی لێ وەلسین [illegible]
له بەینی سەرا و بوکان ۷۴۰۰ دانەمان تحویل بە محمد عزیزی
ناظر خرجی طاهرخان [illegible] دا و له سەرا هەزار دانەمان تسلیمی
پێش مەرگەی جنرال محمد رشید خان کرد کە بۆ جنرال محمد خان بەری
بکری موضوعی فیشەک ئەوەیە

مناف کریمی     احمد الهی

نامەی  ئەحمەد ئیلاهی و مەناف کەریمی

له کتێبی: دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دکۆمێنت) بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٩٥ نووسینی: مەحموود مەلا عززەت

نامەی ژمارە ١٩٤

ژمارە ١٢/ سەیار

١٣٢٥/٣/١٨

دەفتەری ستاد هێزی سەرا

لە جوابی نووسراوەی ژمارە ٥٥٩ ئێمە کە لە مەهاباد هاتین ١٧٣٧ دانە فیشەک لە کۆمێتەی مەرکەزی وەرمانگرت بە جێگای پێویستی بگەینن. لە بەینی سەرا و بۆکان ٧٤٠ دانەمان تەحویلی بە محەمەد عەزیزی نازەری خەرجی تاهیر خان سمکۆ [...] دا و لە سەرا هەزار دانەمان تەسلیمی پێشمەرگەی ژەنەڕاڵ محەمەد ڕەشید خان کرد کە بۆ ژەنەڕاڵ محەمەد خان بەرێ بکرێ. مەوزوعی فیشەک ئەوەیە.

ئەحمەد ئیلاهی مەناف کەریمی

٥٥٨/

نامەی ژمارە ١٩٤

نامەی: ئەحمەد ئیلاهی . مەناف کەریمی

لە کتێبی: دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دکۆمێنت) بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٩٥

نووسینی: مەحموود مەلا عززەت

جەنابی ئاغای قەوام السلتنە سەرۆک وەزیری ئێران

ئاغای پێشەوەری سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان

جەنابی ئاغای ئەبولقاسم سەدری قازی و محەممەد حوسێن سەیف قازی نوێنەرانی مووحتەرەمی کوردستان

ڕۆژنامەی کوهستان

بەو پەڕی ڕێز و ئیحترامەوە ڕادەگەینین کە نوێنەرانی بەڕێز دەزانن، ژیانی نەتەوەی "کورد" ئەمنیتی کۆمەڵگایەکەی، سیاسی و ئابووری کە ساڵانێکە لە ژێر پەنجەی فاشیستەکانی خوێنمژ دابووە و هیچ شتێکی بۆ ئێمە نەبوو و نەتەوەی نەجیبی "کورد"ی بە دۆڵی نیستی و نابوودی گەیاند و ناچار نەتەوەی "کورد" بە پیرەوەی کردن لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی کە سەرمەشقی باب و باپیرانی "کورد"ە بکا. شۆڕش الحمدووالله زۆر بە چاکی توانی وڵاتی خۆمان لەبەندی ئەسارەت و خوێن مژینی فاشیستەکان ڕزگار کات و ئەمنیتەت و ئەمان و ئاسایش لە تەواوی وڵات دابمزرینێت.

مێژوو نیشانی داوە کە مەئموورین و تەشکیلاتی ئێستای "کورد" لە ڕێگای تەرەقی دایە و نەتەوەی بەرۆ سەعادەتی ئەبەدی دەگەیەنێت. جا لێرەدا بۆ سەقام بوونی وەزعی ئێستا و پێشکەوتنی مەرامی ئەو نەتەوەیە، تکایە دەکەین هەموو بیرو و فکر بەس بۆ پێشکەوتنی ئامانجی گشتی بەکاربێنن و ئینتیزارمان هەیە بە هەموو مەعنا لە بریندارکردنی هەستی پاکی ئەو نەتەوەیە پێشگیری لازم بکەن.

مەهاباد. هیئت کۆمیتەی شاری حیزب دیمۆکرات کوردستان

وەهابی بلووریان، ئەحمەدی ئیلاهی، مەنافی کەریمی، حوسێنی زەرگری، سەید محەممەدی تەها زادە، مەحموودی وەلیزادە، سەدیقی حەیدەری، محەممەدی یاهو.

نامەی هەفتگی کوهستان، ژمارە ٥٥، ٢٣بانەمەڕ (اردیبهشت) ساڵی ١٣٢٥

جناب آقای قوام السلطنه نخست وزیر ایران
آقای پیشه‌وری نخست وزیر آذربایجان
جناب آقای ابوالقاسم صدر قاضی و محمد حسین سیف قاضی نمایندگان محترم کردستان
روزنامه کوهستان
با نهایت احترام معروض میداریم چنانچه نمایندگان معظم استحضار دارند سطح زندگی ملت " کرد " امنیت اجتماعی سیاسی و اقتصادی سالها در زیر پنجه فاشیست های خونخوار واقع گردیده بود که چیزی در برنداشت ملت نجیب " کرد " را به دره نیستی سوق داد ناچار ملت " کرد " با پیروی کردن حرکات و مبارزه آزادی که سرمشق نیاکان " کرد " بوده قیام الحمدلله بطور احسن توانست مملکت خود را از قید اسارت و خون مکیدنهای زالوی فاشیست نجات و امنیت و امان که در سرتاسر مملکت حالیه حکمفرماست تاریخ نشان نداده و مامورین و تشکیلات حالیه " کرد " شاهراه ترقی می پیماید و ملت را به سعادت ابدی خواهد راند.
بنابراین استرحاما برای استقرار وضیعت فعلی و پیشرفت مرام این ملت تمنا داریم همه افکار خود را فقط و فقط برای پیشرفت مقاصد عمومی مصرف فرموده و انتظار داریم با تمام معنی از جریحه‌دار گشتن احساسات پاک این ملت جلوگیریهای لازمه را معمول فرمایند.
مهاباد ـ هئیت کمیته شهری حزب دموکرات کردستان
وهاب بلوریان ـ احمد الهی ـ مناف کریمی ـ حسین زرگری ـ سید محمد طه‌زاده ـ محمود ولی زاده ـ صدیق حیدری ـ محمد یاهو
روزنامه کوهستان شماره ٥٥ ، ٢٣ اردیبهشت ١٣٢٥ ـ ١٣ مه

## هەڵکەوتی دیداری حاجی بابە شێخ

محەممەدی نووری لە کتێبی بیرەوەریکانی خۆی دا بە ناوی "شەوێک و خەوێک بستووی ژیان" لاپەڕەی ٣٨دا دەنووسی:

بەفری خەیابان شکابوو، یەک یەک و دوو دوو دەمدی سەرباز دەهاتن و دەڕۆیین. گەیشتمە خوار مەزگەوتی هەباساغا، دیتم حاجی بابە شێخ سێ کەسی لەگەڵ بوو و دەهاتە خوارێ. کەسەکان یەکیان حاجی داودی و یەکیان "ئەحمەد ئیلاهی" و ئەوی دیکەشیان وام لەبیرە میرزا خەلیلی خوسرەوی بوو.

حاجی بابە شێخ قسەی بۆ دەکردن و دەستەکانی هەڵدێنا و دایدێناوە و لێکی دەدان. زۆرم پێخۆش بوو بێ دەردەسەر و پرسیار پرسیار، تووشی یەک لە سێیان بووم.نیشانی ڕێبواری و زستان پێویم دیار بوو، یانی چەکمە و سەرکڵاو و دەسکێش. ڕاست چوومە پێش و سەرلاموعەلەیک و عەلەیکەسەلام. دوای دەس ماچ کردن و بەخێر بێی، کوتم: قوربان ئەمن محەممەد عەتری گڵۆلانیم، لە گوندی شێخانی ڕا هاتووم.

حاجی حەمەد ئاغای حیسامی سەلامی دەگەیاندی و دەیگوت. نەیهێشت پەیامەکەم ڕاگەیەنم و کوتی: لەوەی کە حاجی ئاغا و هەژار لە سەقزی گیرابوون و هاتوونەوە زۆر خۆشحاڵم. دەزانم لە داهاتووی خۆی و ئێمە نیگەرانە. ڕەنگە ئەتۆش گڵۆلانی هەر لە دڵەڕاوکەدا بی. کاک میرزا بۆ خۆت ناسراوی منی، خودالێخۆشبوو میرزا ئەبووبەکری بابیشت لە گەورکایەتیدا، لە یاران و دۆستانی هەرە نیزێکی من بوو.کاکی خۆم نە بۆ ئاغای حیسامی پیر و ڕدێن سپی، نە بۆ تۆی جوان و لاو و دنیا نەدیتوو، هیچ باس و خواسێک دێتە پێشێ و نە بۆ کەسانێکی دیکە لەم ناوچەدا.

ئەوجار تەماشایەکی هاورێکانی کرد و کوتی: ئاخر وانیە؟ ئەوانیش تێکڕا کوتیان: بەڵێ وەک دەفەرمووی وایە.

کوتم: قوربان تیپی لاوانت عەرز ناکەم، حاجی حەمەد ئاغا لە گرتنی دوێنێی خۆی تەماشای دوارۆژی نادیاری هەرێم دەکا. بۆی هەیە کە نیگەران بێ و پرسیار لە ڕێبەران بکا. فەرمووی بابیلە گیان، کاتێک ئێران بە دەست دەوڵەتانی گەورەی دنیا داگیر کرا و هەر مەڵبەندەی لەژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی دەوڵەتێکی داگیرکاردا بوو و حکوومەتی مەرکەزیش هیچ دەسەڵاتێکی لەو پایەگایانەی داگیرکەراندا نەمابوو، ئێمە هەرێمی خۆمان ڕاگرتووە و پارێزگاریمان کردووە. هەتا ڕۆژێکی حکوومەتی مەرکەزی هێز و مەودای هاتنەوەی هاتۆتەوە بەری، ئێمە بە باوەشی ئاواڵەوە بەرەوپیری چووین و وڵاتمان ڕەنگین و سەنگین، لە ئامێزی خستوتەوە. ئیتر کامە تاوان؟ لە چی ترسان؟ ئەوە دەوڵەت ئاغای سەیفی قازی (حەمە حوسێن خان)ی کردۆتە فەرمانداری مەهاباد، کە دەزانم بۆ خۆت دەچی و دەیبینی.

ئەوە تیمسار هومایوونی هەموو نەهاران میوانی جەنابی قازییە. ئاخر وانییە؟ حاجی داودی و ئاغای ئیلاهی و خوسرەوی کوتیان بەڵێ وایە.

پاشان کوتی: کاکە عەتری سەلامی حاجی ئاغا بگەیەنە و بڵێ فلانی دەیگوت هیچ نیگەران نەبێ و بە پێکەنینەوە کوتی: دەتوانی خزمەکەی خۆتان (حەمە حوسێن خان) کە فەرمانداری شارە ببینی و لێی پرسی.

چوومە پێشێ و دەستیم ماچ کرد و لەگەڵ ئەوانی دیکەش ڕوویان ماچ کردم. دەمزانی هاوڕێکانی لە نێوان ترس و هومێد و باوەڕ و ناباوەڕی، گوێیان بۆ وتارەکانی حاجی بابە شێخ ڕاگرتبوو، خوداحافیزیم کرد و ڕۆیشتم.

لە کتێبی:" شەوێک و خەوێک بستووی ژیان" نووسینی: محەممەد نووری. لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین

## لیستی زیندانەکانی ساڵی ١٣٢٥ .١٩٤٦

ئەو کەسانە کە لە مەهاباد مەحکووم بە زیندان بوون.(لیستەکە تەواو نیە) حاجی بابا شێخی سەیادەت، حەبیب الله خانی بداقی، عەزیز خانی کرمانج، حاجی مستەفای داودی، محەممەد ئەمین مووعینی، محەممەدی سەعید زادە، مامە غەنی خوسرەوی، سەید محەممەدی ئیسحاقی، مەنافی کەریمی، عەلی خوسرەوی، حوسێنی فرووهەر. قادری پیرمەندی، ئەحمەدی منگوری حوسێن زادە، مام ئەحمەدی ئیلاهی، محەممەد خەلیل مۆفەق، سەید مستەفا سەیدی، ئیبراهیمی نادری، وەهابی بلوریان، محەممەد ڕەسووڵی کوردپوور، حەسەنی حەسن زادە، عەبدوڵلای فەهیمی، حەسەنی ڕەحیم زادە، محەممەدی یاهو، سەعید ئاقای قوپی، سەید عەبدوڵلای کەماڵی زادە، ئەحمەدی پاکزاد سنندەجی، محەممەدی داودی (زاوای ئیسمایل موباشری).

لە کتێبی: نگاهی به تاریخ مهاباد، نوشته: سید محمد صمدی سال ١٣٧٣


وێنەکان:



زیندانی ورمێ ساڵی١٣٢٧/٢/١٧

لەڕاستەوە: عەزیز خان کرمانج، حوسێنی فرووهەر. مام ئەحمەدی ئیلاهی

وێنە لە کتێبی: حوسێن زێرینگەران (فرووهەر) بە ڕایوتەتی وێنە، حەسەن قازی وەرگیراوە.



له پشت وێنەی لاپەڕەی ٤٢ سێ کەسییەکەدا فرووهەر بە دەستخەتی خۆی ئاوای نووسیوە:

" در دادگاه بدوی زمان جنگ مهاباد روز ۲٥/۱۱/۱٦ این سه نفر باعدام محکوم نمودند.

روز ۲٦/۳ در دادگاه تجدید نظر زمان جنگ. به حبس دائم با کار تبدیل و تقلیل گردید.

در تاریخ روز ۲۷/۲/۱۷ در زندان رضائیه بدون تکلیف و محکومیت به انتظار تشکیل دادگاه ثالث محض یادبود در حیات (ط) جلو درب زندان بیاد بود مدت گذشته این عکس برداشته شد.

وەرگێڕانی کوردی پشتی وێنەکە:

لە دادگەی سەرەتایی زەمانی شەڕ لە مەهاباد لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/١٦ هەتاوی [ ١٩٤٧/٢/٥ ] ئەم سێ کەسەیان بە ئێعدام مەحکووم کرد. لە ڕۆژی ٢٦/٣ [ساڵی ١٩٤٧] ئەو حوکمە لە دادگای پێڕاگەیشتنەوەی زەمانی شەڕ . داشکا و کرا زیندانی ئەبەد لەگەڵ کار. لە بەرواری ١٣٢٧/٢/١٧ . [١٩٤٨/٥/٧] لە زیندانی ڕەزائییە ( ورمێ ) بێ ڕوون بوونەوەی وەزع و حوکم درانەکە لە چاوەڕوانی بۆ پێکهاتنی دادگەی سێیەم بۆ بیرەوەری لە حەوشەی پێش دەرگای زیندان بۆ وەبیر هێنانەوەی کاتی ڕابردوو ئەو وێنەیە هەڵگیرا.

لە ڕاستەوە: ئاغای عەزیز خان کرمانج . حوسێنی فرووهەر . مام ئەحمەد ئیلاهی

وێنە لە کتێبی: حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) بە ڕیوایەتی وێنە، حەسەن قازی وەرگیراوە.

دەستخەتی مام ئەحمەدی ئیلاهی

ص ۲۹، س ۱۸ شرایط قصد نماز که از عوض چهار رکعت دو رکعت کرده شود چند است.

ج . یازده شرط دارد. اول: طول سفر است دو منزل باشد. برفتن شتر بار کرده که بعادت از اکل و شرب و استراحت بیفتد. و رفتنش معتدل باشد. دوم: علم است به مقصد خودش که قصد جای معین بنماید.

در اول سفر سیم جواز سفر است، یعنی سفرش مباح باشد. پس قصر جایز نیست. برای عبدی که از سید (ارباب) فرار نماید یا زنی ناشیزه باشد و یا مسافریکه مقروض باشد. و وعده قرضش رسیده و قدرت دادن آن قرض را داشته باشد. بدون اذن صاحب طلب سفر کند. چهارم باید کسی که قصر میکند مقتدی نباشد به کسی نماز را تمام میکند.

پنجم: نیت قصد است در وقت تکبیر تحرم بگوید، نماز ظهر را مثلا قصر میکنم یا دو رکعت میگذارم.

ششم: احتراز است از چیزی که منافی نیت قصر باشد. تا نماز را تمام میکند اگر نیت اتمام داشت یا تردد داشت که آیا قصر بکند یا تمام نماید لازم است نماز را تمام نماید . و چهار رکعت بکند.

هفتم: باید تا نماز را تمام میکند در سفر باشد و اگر در میان نماز نیت اقامت آن محل آورد یا کشتی به محل اقامت رسید نماز را چهار رکعت بگذارد.

هشتم: تجاوز است از شوره آبادی یا خانەها و آبادی که هست .


نهم: باید مسافر عالم باشد. بدرستی قصر.

دهم: باید سفرش برای.....

۲۹۰ س ۱۸ شرائط قصر نماز در از عوض چهار رکعت دو رکعت کرده شود چیست

ج - یازده شرط دارد اول طول سفر است در دو منزل باشد یعنی هشت فرسخ کرده در عبادت از اکل و شرب و استراحت بیفتد و رفتنش معتدل باشد دوم علم است بمقصد خودش در قصد جای معین بنماید در اول سفر سیم جواز سفر است یعنی سفرش مباح باشد پس قصر جایز نیست برای عبدی در از سید فرار نماید یا زنی ناشزه باشد و یا مسافریکه مقروض باشد و وعده قرضش رسیده و قدرت دادن آن قرض را داشته باشد بدون اذن صاحب طلب سفر کند چهارم باید کسی در قصر میکند مقتدی نباشد بکسی نماز را اتمام میکند پنجم نیت قصر است در وقت تکبیر تحرم بگوید نماز ظهر را مثلاً قصر میکنم یا دو رکعت میگذارم ششم احتراز است از چیزی که منافی نیت قصر باشد تا نماز را اتمام میکند اگر نیت اتمام داشت یا تردد داشت در آیا قصر بکند یا تمام نماید لازم است نماز را اتمام نماید - و چهار رکعت بکند هفتم باید تا نماز را اتمام میکند در سفر باشد و اگر در میان نماز نیت اقامت آن محل آورد یا کشتی بمحل اقامت رسید نماز را چهار رکعت بگذارد هشتم تجاوز است از شوره آبادی یا خانه‌ها و آخری در است نهم باید مسافر عالم باشد بدرستی قصر دهم باید سفرش برای

## سەندی دێ گلینان و کۆنە گلێنان


وزارت عدلیه


ثبت کل اسناد و املاک

ورقه معاملات متفرقه

نوع سند

دفتر اسناد رسمی شماره

سەندی دێ گلێنان و کۆنە گلێنان




وزارت دادگستری

ثبت کل اسناد و املاک

ورقه معاملات متفرقه

نوع سند اقرار



سەندی دێ گڵێنان و کۆنە گڵێنان، کە ساحیبی مام ئەحمەد ئیلاهی بوو.

## کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانی مام ئەحمەدی ئیلاهی لە زینداندا

مەرحومی مام ئەحمەد ئیلاهی لە دەفتەری بیرەوەری خۆیدا کە لە یەکەم ڕۆژی زیندانی بوونی خۆی و بەڕێبەرانی کۆماری کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژی نووسیوتەوە و تا ئێستا چاپ و بڵاونەبۆتەوە. بەڵام من چەند لاپەڕەیەک لەو بیرەوەرییانەم بەدەست گەیشتن کە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

... ثانیا بی پولی آخ! بی پولی خصوصا در میهن، آخ! بی پولی چه بلاهای بسر بشر می آوری. در آن موقع بکلی از مادیات ساقط شده، نمیتوانستم یک وکیل مشهور و دارای درجه ارشدیت باشد. بگیرم. مجبور بودم یک نفر ستوان ۱ مصطفی را گرفتم و پول حق الوکاله را از حسین فروهر و شرفی قرض کرده، دادرسی شروع گردید و رفقایم همه در دادگاه حاضر و همه دارای پول و همه‌گونه وسایل هستند.

دادستان بعد از ادعانامه جامع از متهم شماره ۱ یعنی بنده ادعا را قرائت میکند. البته پول نیست. سی روز دادگاه طول کشید، همه روزه من در ادعانامه دادستان نامم خوانده می شود و در ادعایش هم وزیر بزرگ کردستان و مقرب رئیس جمهور کردستان خوانده می شود تا آن وقت وزیر بزرگ را نشنیده بودم. البته نخست وزیر هست نه وزیر بزرگ.

البته جواب داده می شود ولی حرف بی پولی چه تأثیر دارد و در این مدت ۳۰ روز دادگاه هیچ روزی نبود که یکی از وکلای مدافع رفقا، اتهام موکل خودشان را روی من نیندازند و با دست اشاره بمن نکنن. خصوصا وکیل مناف کریمی بیشتر از وکلای سایر رفقا.


در این خصوص وکیل من پاسخ نمیداد. میگفت: اهمیتی ندارد و نگران نباشید. شما جرمی ندارید. اگر ظلم بکنند از دو سال یا پنج سال مجرد بیشتر.......

... سێهەم: بێ پوڵی ئاخ بێ پوڵی! بە تایبەت لە نیشتماندا، ئاخ! بێ پوڵی چ بەلاهایەکی بەسەر مرۆڤ دێنێ. لەو کاتەدا بەتەواوی لەباری مادیەوە کەوتبووم (بەتەواوی بێ پوڵ بووم)، نەمدەتوانی پارێزەرێکی بەنێوبانگ کە پلەیەکی باڵای هەبێ بگرم. مەجبوور بووم کە سووتوان ۱، مستەفا بگرم و حەقی پارێزگەرەکەش لە حوسێنی فرووهەر و شەرەفی قەرز کەم. مەحاکەمە دەستی پێکرد. دۆستان هەموو لە دادگاە حازر، هەموو ساحێبی پوڵ و هەمووجۆرە وەسایلێک بوون.


دادستان ئیدیعا نامەیەکی (کیفر خواست) تێرو تەسل لە تاوانباری ژمارە ۱ یانی بەندەی خوێندەوە. هەڵبەت پوڵ نیە. دادگاە سی ڕۆژی خایاند. هەموو ڕۆژی نێوی من لە ئیدیعا نامەی دادستان دەخوێندراوە و لە ئیدیعا نامەکەشدا نێوی وەزیری گەورەی کوردستان، دۆستی نیزیکی ڕەئیس جەمهووری کوردستان دەخوێندراوە. تا ئەو کات وەزیری "گەورە"م نەبیستبوو. هەڵبەت سەرۆک وەزیر هەیە نەک وەزیری گەورە.

هەڵبەت وەڵام دەدرێتەوە. بەڵام قسەی بێ پوڵ، چ کاریگەرێکی هەیە و لە ماوەی ئەو سی ڕۆژەی دادگاییدا، هیچ ڕۆژێک نەبوو کە یەک لە پارێزەری هەواڵەکان تاوانی تاوانبارەکەی خۆیان نەخەنە ئەستۆی من و بەدەست ئیشارە بەمن نەکەن. بەتایبەت پارێزەری مەنافی کەریمی لە هەموو پارێزەرکانی دیکەی دۆستان زیاتر ئەو کارەی دەکرد .

هەر لەسەر ئەو بابەتە پارێزەری من جوابی نەدەداوە. دیگوت: گرینگ نییە و نیگەران مەبە. تۆ تاوانێکت نییە. ئەگەر زوڵمت لێ بکەن ئەوپەڕی دوو تا پێنج ساڵی مجرد یا زیاتر....


آسوده باشه تا نیاز به پولی آخ بی پولی چه صدمه‌ها
در سرمین، آخ بی پولی چه بلاها سر بشر ما در
در آن موقع یکی از ما دها یس تا فقط شب نتوان
یک دکتر مشهور و دارای درجه ارشدیت باشه
بگیرم مجبور بودم مکینزی توان اسعفی را گرفتم و
پول حق الوکاله را از جیب فردی و شرفی قرض
کرده دادرسی شروع گردید و رفقا همه کی
در دادگاه حاضر و همه دارای پول و همه گوش
دادرسی شنید دادستان بلند ادعا نامه جامع
رز سهم شماره ! یعنی نمبه ادعا را قرائت
میکنید اته پول نیست سر روز دادگاه تعطیل شد
همه روزه من در ادعا نامه دادستان نام
خوانده میشود و در ادعا نامه ... وزیر بزرگ

دەستخەتی مام ئەحمەدی ئیلاهی



کوردستان و پیشوا رئیس جمهور کردستان
خوانده میشد تا آن وقت وزیر بزرگ را
نشنیده بودم اگه بخت وزیر پشت نه وزیر بزرگ
اگه جواب داده میشود که حرف بی پول چه بار
دارد و در این مدت ۳۰ روز دادگاه
هیچ روزی نبوده که یکی از وکلای مدافع رفقا
اتهام موکلین خود را از روی متن نخوانده باشند
و با دست اشاره بمن نکنند خصوصاً وکیل
مدافع کریمی بیشتر از وکلای سایر رفقا در این
خصوص وکیل من با شیخ بغداد شیخ هند اسمی
ندارد و دیگران نباشند که جرمی ندارد
اگر ظلم میکنند از چهار ال با پنج سال مجرد بشود

دەستخەتی مام ئەحمەدی ئیلاهی

لە ئارشیوی بەڕێز دکتۆر دیاکۆی ئیلاهی وەرگیراوە.

پاسبان وکیلی کشیک زندان آمدند اطاق، هر کسی مشغول تهیه نهار و چای و غیره بودیم صدا کرد اسامی چند نفر را خواندند. ۱. حمید مازوچی ۲. محمد ناظمی ۳. رسول نقده‌یی ٤. عبدالله روشنفکر.

بیچاره مازوچی چند روز بود مریض شده بود و بستری در اطاق توی رختخواب خوابیده بودند. رفقا آش برایش پخته و منتظر بودند که برخیزد. مختصری آش بخورد. یکدفعه که صدا کردند از جایش پرید و دستور داده بودند که اسباب را جمع کنند فورا...

رسیده‌اند بلافاصله بدار آویخته شده و... روز دوشنبه ۲٦/۱/۱۸ دهم فروردین دوشنبه قبل از آقای قاضی محمد و صدر قاضی و سیف قاضی اعدام شده بودند. چوبه دارها در چهار راه بحال خود باقی و بعد از اعدامی این چهار نفر جوانان نامبرده قبلی باز هم چوبه دارها بجای خود مانده‌اند و انتظار قتل دیگر هم دارند.

از رفقای اعدامی دو سه نفر مانده بودیم یکی بنده دوم عزیز کرمانج ۳ حسین فروهر. بارها ما با همدیگر قدم میزدیم و از پیش آمد فکر و تدابیری... بیاوریم و هر روز منتظر هستیم که کسی صدامان کند...

---

پاسه‌بان، وه‌کیلی که کێشکچی زیندانه. هاتنه ژووره‌که‌مان هه‌ر که‌س خه‌ریکی دروست کردنی نه‌هار و چا و... بووین. چه‌ند که‌سیان بانگ کرد ۱. حامید مازووچی ۲. محه‌مه‌دی نازمی ۳. ڕه‌سوڵی نه‌غه‌ده ٤. عه‌بدوڵڵای ڕۆشنفکر.


بێچاره مازووچی چه‌ند ڕۆژ بوو که نه‌خۆش بوو و له جێیدا که‌وتبوو. دۆسته‌کانی ئاشیان بۆ ساز کردبوو و چاوه‌ڕووان بوون که هه‌ستێ و که‌مێک ئاش بخوا، که بانگیان کرد یه‌ک سه‌ر هه‌ستا سه‌ر پێ، ده‌ستوور درا که شته‌کانی کۆکاته‌وه و زوو....

هەر کە گەیشتن بە زووترین کات لە سێدارە دران... ڕۆژی دووشەممۆ ١٣٢٦/١/١٨، ١٠ی خاکەلێوە (فروردین) دووشەممۆی پێشوو ئاغای قازی محەممەد و سەدری قازی و سەیفی قازییان ئێعدام کردبوون، سێدارەکان هەر لە مەیداندا مابوونەوە و دوای ئیعدامی ئەو چوار کەسە، دیسان سێدارەکان هەر لە جێی خۆیان مابوونەوە و چاوەڕوانی ئیعدامی دیکە دەکرا.

لە دۆستەکانی ئێعدامی دوو سێ کەس مابووینەوە یەکیان کە خۆم و عەزیز کرمانج و حوسێنی زێڕینگەران . زۆر جاران لەگەڵ یەکتر پیاسەمان دەکرد و قسەو بیر و تەدبیرمان دەکرد بەڵکوو ڕێگایەک بدۆزینەوە. هەر ڕۆژ چاوەرووان بووین کە کەسێک بانگمان کا....

بەشێک لە بیرەوەریەکانی مام ئەحمەد ئیلاهی لە زیندانی مەهاباد ساڵی ١٣٢٦

لە کتێبی: ساجبلاغ مکری، مهاباد در آیینەی اسناد تاریخی، فریدون حکیمزادە



بخشی از دفتر خاطرات مرحوم احمد الهی در زندان مهاباد در سال ۱۳۲۶شمسی

وێنە لە کتێبی: ساوجبلاغ مکری (مهاباد) ئامادەکردنی: فەرەیدن حەکیمزادە.



زیندانی ورمێ ساڵی ١٣٢٧/٢/١٧

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە:سەید محەممەدی ئیسحاقی، خدری نیزامی، عەزیز خانی کەرمانج، حوسێنی فرووهەر، مەنافی کەریمی، کەریمی ئەحمەدین

دانیشتوو لە ڕاستەوە: مام ئەحمەدی ئیلاهی، محەممەدئەمین شەڕەفی، ئیبراهیمی نادری، سەید محەممەد تەهازادە

وێنە: ئەم وێنە یەکەم جار لە کتێبی جمهووری کوردستان ١٩٤٦ویلیام ئیگلتن دا بڵاوکراوەتەوە.

وێنە: لە کتێبی "حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) بە ڕیوایەتی وینە" حەسەنی قازی وەرگیراوە.



زیندان ورمێ ساڵی ۱۳۲۷/۵/۲۹

لە ڕاستەوە پەشتی میلەکانی: سەید محەممەدی تەهازادە (ئەیوبیان مەرکەزی)، ئەحمەدی ئیلاهی، محەمەدی سەعید زادە.

ڕدیفی دووهەم لە ڕاستەوە: حوسێن فەتاحی قازی، سەید خدری سەید نیزامی ( سەید پیرە )، غەنی خوسرەوی، محەممەد ئەمینی شەرەفی، مەنافی کەریمی

وێنە: لە کتێبی ساوجبلاغ مکری، ئامادەکردنی: فەرەیدون حەکیم زادە



مەهاباد. ساڵی ١٣٤٧ . ١٣٤٨

لە ڕاستەوە: خالیدی فەهمی، حەمیدی فەهمی، هیدایتی فەهمی، میرزا ئیبراهیمی فەهمی، فوئادی ئیلاهی، "مام ئەحمەدی ئیلاهی"

فائزەی ئیلاهی، ناجیەی ئیلاهی، سەلیمەی ئیلاهی، فازیلی ئیلاهی، جەمیلەی ئیلاهی، د. کامرانی کولیجی (نەوەی مام ئەحمەدی ئیلاهی)

وێنە: لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک وەهابی فەهمی وەرگیراوە.

ڕەحمەتی خودا چوو.




وێنە:مەهاباد، کاک محەممەد ئەمین ئیلاهی"نەتیجەی مام ئەحمەدی ئیلاهی".

گڵکۆی شادڕەوان ئەحمەدی ئیلاهی کە لە تاریخی ١٣٥٠/٨/١٤ بە ڕەحمەتی خودا چوو.

دیاری بەڕێز دکتۆر دیاکۆی ئیلاهی



فارووق فەرهاد

سەرچاوەکان:

. دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دکۆمنێت)، نووسینی: مەحموود مەلا عززەت، بەرگی یەکەم و دووهەم ساڵی 1995

. وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵا قازی، ئامادەکردنی: قاسم قازی ساڵی ٢٠٠٥ سوئید

. پیشوای بیداری، خاطرات سعید همایون بە کوشش: هاشم سلیمی، نشر ئاراس سال ٢٠٠٦

. بەسەرهاتی سیاسی کورد، نووسەر: میرزا محەممەدئەمین مەنگوری بەشی یەکەم چاپی سوئید ساڵی ١٩٩٩

. سێبەری ئازادی، هەوازو نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژ. ک ١٣٢٤ . ١٣٢١ نووسینی: کەماڵی عەبدوڵڵاهی

. هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی . فارسی، مامۆستا هەژار

. محاکمە قاضی محمد و یارانش، نووسینی: ڕەحیم سەیفی قازی، وەرگێڕ و ئامادەکردنی: مەحمەد ڕەزا سەیفی قازی چاپ دوم سال ١٣٨٠

. کۆمار کورد لە ساڵی ١٩٤٦، نووسینی: ویلیام ئینگلتۆن، وەرگێڕ: سەید مەحمەد سەمەدی

. شەوێک و خەوێک بستووی ژیان، نووسینی: مەحمەد نووری، لە بڵاوکردنەوەی بنکەی ژین

. نگاهی بە تاریخ مهاباد، نووسینی: سید محمد صمدی، انتشارات رهرو مهاباد چاپ اول سال ١٣٧٣

. ساوجبلاغ مکری ( مهاباد ) در آیینەی اسناد تاریخی، گردآوری و تألیف: فریدون حکیم زادە

. حوسێن زێرینگەران ( فرووهەر ) بە ڕاپوتەتی وێنە، حەسەن قازی، چاپی ٤٩ کتێب سوئید

. ٥٠ ساڵ خەبات، نووسینی: جەلیلی گادانی

. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧ . ١١ . ١٥ . ١٨ . ١٩ . ٢٤ . ٢٦ . ٢٧ . ٢٩ . ٤٦ . ٥٢ . ٦٤ . ٦٥ . ٧٨ . ٨٨ ساڵی ١٣٢٤ . ١٣٢٥

. گۆڤاری نیشتمان ژمارە: ٣ . ٤ . ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٢ و ژمارە: ٧ . ٨ . ٩ بەهاری ساڵی ١٣٢٣

. نامە هفتگی کوهستان شمارە ٤ ساڵ ١٣٢٣ و شمارە ١٩ تیرماه ١٣٢٤و شمارە ٥٥ ، اردیبهشت سال ١٣٢٥

. بیرەوەری کاک وەهابی فەهمی بە نێوی " آنسوی خاکستر و مە "

. ئارشێوی بەڕێز دکتۆر دیاکۆی ئیلاهی

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز موحیب مەهابادی

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز وەهابی فەهمی

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز برایمی قەززاق

. لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز پەروانەی ئەحمەدین